فتاوى الحج والعمرة والزيارة (للجمعية)

# کۆمەڵێک فەتوا سەبارەت بە حەج وعومرە وسەردانی کردنی مزگەوتی سەرەوەرمان

# کۆمەڵێک فەتوا سەبارەت بە حەج و عومرە وسەردانی کردنی مزگەوتی سەروەرمان

## عومرەکاران زۆر پێویستیانە[1]

لیژنەی زانستی لە (کۆڕگەی خزمەتگوزاری بڵاوکراوە ئیسلامیەکان بە زمانەکانی جیهان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات)

### یەکەم: فەتوا گشتیەکان

پ: ئایا دروستە باوکم عومرە بکات بە پارەیەك کە لە بانک بە قەرز وەریگرتووە؟

ج: ئەو کەسەی دەیەوێت حەج یان عومرە بکات جا بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر؛ واجبە بۆ حەج وعومرەکەی ئەو خەرجیە هەڵبژێرێت کە پاکە، چونکە خوای گەورە -جل وعلا- پاکە وتەنها پاکیش وەردەگرێت.

وە بابەتی قەرز وەرگرتن لە بانک یان لە شوێنی تر ئەگەر سووی تێدا بێت؛ ڕێگەپێدراو نییە، چونکە ئەمە ڕیبایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لەو

[1] هەڵبژێردراوە لە کتێبی (مجموع فتاوى لجنة الإفتاء الدائمة) لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە، لەگەڵ کورتکردنەوەی پرسیارەکان لە هەربابەتێکدا بەشێوازێکی گونجاو.

کەسەی ڕیبا دەخوات یان بریکاریەتی یان دەینووسێت یان شاهێدی لەسەر دەدات، وفەرموویەتی: «هەموویان یەکسانن»، وخواردنی حەرام هۆکارە بۆ ڕەتکردنەوەب نزا وقبوڵ نەبوونی کردەوە، بەڵام ئەگەر قەرزەکە سووی تێدا نەبێت؛ ئاساییە ودروستە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 353)

پ: ئایا ڕاستە ئەگەر کەسێك لە مەککە دوربێت بۆ ماوەی چل ڕۆژ ئەوا دەبێت عومرەیەك بکات؛ ئەگەرچیش لە پێشوودا چەند جارێك عومرەی کردبێت؟

ج: لە هەموو تەمەندا تەنها یەك جار عومرە کردن واجبە لەسەر کەسی موکەلەف وتوانادار، ئەگەر زیاتر لە یەك جار عومرە بکات؛ سوننەتە، وعومرە کردن ڕێگەپێدراوە لە هەموو کاتێکدا وکاتێکی دیاریکراوی نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 20)

پ: ئایا عومرە کردن لە هەرکاتێکی ساڵدا ڕێگەپێدراوە؟

ج: عومرە کردن لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا ڕێگەپێدراوە، تەنانەت لە مانگەکانی حەجیشدا، ئەگەر لە مانگەکانی حەج ئەنجامی بدات پاشان حەج بکات لەو ساڵەدا ئەوا تەمەتوعی کردووە؛ واتا: عومرەی ئەنجامداوە ولەدوای عومرە لەهەمان ساڵدا حەجیشی کردووە، بەڵام ئەگەر عومرە وحەج پێکەوە

بکات وتێهەڵکێشیان بکات ئەوا پێی دەووترێت (قارن)، وئەوەی (تەمەتوع) یان (قارن) هەڵبژاردووە دەبێت ەیوانێک سەرببڕێت ئەگەر دانیشتووی مەککە نەبێت، بەڵام ئەگەر حاجیەکە عومرە بکات لە مانگی (ذي الحجة) لە پاش ڕۆژەکانی (تەشریق)*؛ ڕێگەپێدراوە، ولەوکاتەدا سەربڕینی حەیوانی لەسەر نییە. *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی -ذي الحجة-)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 316)

پ: ئایا دروستە کەسێک عومرە بکات پێش ئەوەی حەجی فەرز ئەنجام بدات؟

ج: بەڵێ؛ ڕێگەپێدراوە مرۆڤ عومرە بکات پێش ئەنجامدانی حەج، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی عومرەیان کردووە پێش ئەوەی حەجی فەرز ئەنجام بدەن.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 318)

پ: حوکمی دووبارە کردنەوەی عومرە لە یەك ساڵدا چییە؟

ج: دروست ئەوەیە چەند جارێك دووبارە کردنەوەی عومرە لە ساڵێکدا؛ ڕێگەپێدراوە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة»

«عومره بۆ عومره كەفارەتی تاوانی نێوانیانە، وحەجی مەبرور (كە تاوان وڕیای تێدا نەبێت)؛ هیچ پاداشتێكی نییە جگە لە بەهەشت نەبێت». [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی ڕیوایەتیان كردووە]

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 334)

***

پ: هەندێك كەس دێت بۆ ئەنجامدانی حەج، وپاش تەواوبوونی عومرەی تەمەتوع دەیەوێت عومرە بۆ دایكی یان باوكی ئەنجام بدات؛ ئایا دەبێت چی بكات؟

ج: هەركەسێك ئیحرامی بەست بۆ ئەنجامدانی عومرەی تەمەتوع لە مانگەكانی حەجدا ئەوا باشتر وایە پاش تەواوبوونی عومرەكە لە مەككە چاوەڕێ بكات هەتاوەكو كاتی حەج كردن دێت، ئیحرام دەبەستێت وعومرە دووبارە ناكاتەوە پێش ئەنجامدانی حەج، ئەگەر حەج كردنی تەواو بوو؛ ئەوا ئاساییە دواتر عومرەیەكی تر ئەنجام بدات ونییەت دەهێنێت لە (تەنعیم) یان لەهەرشوێنێكی تر لەدەرەوەی مەمككە، وئەگەر عومرەیەكی تر بكات بۆ باوكی مردووی یان دایكی مردووی یان ناتوانن بەهۆی پیری یان نەخۆشی، وهیوا نییە بەوەی چاك بنەوە، یان بۆ هەركەسێكی تر كە ئەم وەسفانەیان تێدایە؛ ئەوا ئاساییە چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة»

«عومره بۆ عومره كەفارەتی تاوانی نێوانیانه، وحەجی مەبرور (كه تاوان وریای تێدا نەبێت)؛ هیچ پاداشتێكی نییه جگه له بەهەشت نەبێت». [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی ڕیوایەتیان كردووه]

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 117)

***

پ: ئایا حوكمی ئەو كەسه چییه كه له سەفەرێكدا زیاتر له یەك عومره ئەنجام دەدات؟ وله هەموو عومرەیەكدا دەچێت بۆ (تەنعیم) بۆئەوەی ئیحرام ببەستێت بۆ ئەنجامدانی عومرەیەكی تر؟

ج: دووباره كردنەوەی عومره له ماوەیەكی كەمدا بۆ ئەو كەسەی دێت بۆ مەككه؛ له سوننەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی نەبووه -ڕەزای خوایان لێبێت-، ئەگەر ئەمه باشتر بوایه ئەوان ئەنجامیان دەدا، ئەو كەسەی دێت بۆ مەككه وڕێوڕەسمەكان تەواو دەكات چاكتر بۆی ئەوەیه به تایبەتی زۆر تەواف بكات، وقورئان بخوێنێت ونوێژ وخێر بكات وپەرستنەكانی تر ئەنجام بدات، وئەگەر عومره بكات بۆ خۆی یان بۆ كەسێكی تر؛ كه ڕێگەپێدراوه عومرەی بۆ بكات، وەكو مردوو، ویان ئەو كەسەی ناتوانێت بەهۆی

نەخۆشیەك كە هیوا نییە بەوەی چاك بێتەوە؛ ئەمە ئاساییە، ئەگەر ئەم عومرەیە نەبێتە هۆی نارەحەتی لەسەر خۆی یان لەسەر خەڵكی وەكو كاتی قەرەباڵەغیەكی زۆر، چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویت:

«العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة»،

«عومرە بۆ عومرە كەفارەتی تاوانی نێوانیانە، وحەجی مەبرور (كە تاوان ورِیای تێدا نەبێت)؛ هیچ پاداشتێكی نییە جگە لە بەهەشت نەبێت». وله پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم- كە فەرمانیكرد بە دایكی ئیمانداران عائیشە بەوەی عومرە لە (تەنعیم)ەوە ئەنجام بدات پاش كۆتاییهێنانی بە حەج وعومرەكەی؛ لەوكاتەی عائیشە داوای رِوخسەت وەرگرتنی لێی كرد بۆ ئەنجامدانی عومرەیەكی تر.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 355)

***

دووەم: فەتوا دەربارەی میقاتەكان (شوێنە دیاری كراوەكان بۆ نییەت هێنان)

پ: كەسێك بیەوێت حەج یان عومرە بكات وئیحرام بەستن لە سەری قورس بێت لە نێو فرِۆكەدا، لەگەڵ ئەمەیشدا شوێنی میقات نازانێت، ئایا دەتوانێت ئیحرام بەستنەكە دوا بخات هەتاوەكو دەگاتە جەددە یان نا؟

ج: ئەگەر بیەوێت حەج یان عومرە بکات لەکاتێکدا لەناو فڕۆکەدایە؛ ئەوا دەتوانێت هەر لە ماڵەوە خۆی بشوات، وجلەکانی ئیحرام -ئیزار وریدائ- لەبەر بکات، وئەگەر ماوەیەکی کەمی مابێت بۆ میقات؛ ئەوا نیەتی ئیحرام دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە، (میقات: واتا شوێنی هێنانی نیەت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە)، وئەمە هیچ نارەحەتیەکی تێدا نییە، ئەگەر شوێنی میقات نەزانێت ئەوا پرسیار دەکات لە کاپتنی فڕۆکەکە یان هاوکارەکانی یان یەکێك لە خزمەت کاران یان سەرنشینانی فڕۆکەکە لەو کەسانەی متمانەی پێیانە وشارەزان سەبارەت بەم بابەتە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 153)

***

پ: ئەگەر کەسێك گەشت بکات بە فڕۆکە وبیەوێت عومرە ئەنجام بدات؛ ئایا ڕێگەپێدراوە بۆی کە نیەت بهێنێت وتەلبیە بکات بۆ ئەنجامدانی عومرە بە بێ ئەوەی جلی ئیحرام بپۆشێت، چونکە دەیەوێت هەندێك لە کارەکانی جێبەجێ بکات لە شاری جەددە، پاش تەواوکردنیان ئیحرام دەبەستێت لە جەددە ودەڕوات بۆ ئەنجامدانی عومرە؛ یان چی شتێکی لەسەر واجبە؟

ج: هەرکەسێك گەشت دەستپێبکات وبیەوێت دروشمەکانی حەج یان عومرە جێبەجێ بکات؛ ئەوا ڕێگەپێدراو نییە بۆی

میقات تێپەڕێنێت مەگەر بە جلی ئیحرامەوە نەبێت لەگەڵ ئەو نیەتەی هێناویەتی، ونابێت جلی دووراو لەبەر بکات، ودەبێت خۆی لە هەموو قەدەغەکراوەکانی ئیحرام بە دوور بگرێت.

بۆیە ئەوەی باستکرد لە پرسیارەکەدا ؛ ڕێگەپێدراو نییە، چونکە پێچەوانەی حوکمی شەرعییە، بەڵام هیچ ڕێگرێك نیە لەوەی بچێت بۆ جەددە بە بێ هێنانی نیەتی ئیحرام بۆئەوەی پێویستیەکەی جێبەجێ بکات، پاشان بگەڕێتەوە بۆ میقات ولەوێوە ئیحرام ببەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 81)

***

پ: ئایا دروستە حاجی یان عومرەکار ئیحرام ببەستێت لە (بیری عەلی)یەوە لە مەدینە لەکاتێکدا ئەو لە فڕۆکەخانەی جەددە دابەزێت، وپاشان دەڕوات بۆ مەدینە ولە (بیری عەلی)یەوە ئیحرام دەبەستێت؟

ج: حاجی ئەگەر لە فڕۆکەخانەی جەددە دابەزێت وبیەوێت لە جەددەوە بڕوات بۆ مەدینە پێش ئەنجامدانی حەج؛ ئەگەر سەردانیکردنی مەدینەی تەواو کرد، پاشان بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ مەککە بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە؛ ئەوا لە میقاتی خەڵکی مەدینەوە ئیحرام دەبەستێت کە پێی دەووترێت (زی ئەلحولەیفە یان بیری عەلی)، چونکە ئەم

کەسە حوکمی خەڵکی مەدینەی هەیە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت سەبارەت بە میقاتەکان:

«هن لهن ولمن أتى عليهن من غير أهلهن ممن أراد الحج أو العمرة»

«ئەو شوێنانە (میقاتن) بۆ ئەو خەڵکانەی لەو شوێنانەوە دێن وبۆ ئەوانەیشی بەو شوێنانەدا تێپەڕ دەبن لەکاتێکدا خەڵکی ئەو شوێنانە نین ودەیانەوێت حەج یان عومرە ئەنجام بدەن» [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی ڕیوایەتیان کردووە]
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 94)

***

پ: کەسێك عومرەی کردووە لە ڕۆژی هەینی لە هەر مانگێکدا ودەیەوێت بڕوات بۆ ناوچەیەکی تر، وپاش دوو یان سێ ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ مەککە، ودەیەوێت عومرەیەکی تر بکات، ئایا ڕێگەپێدراوە عومرە ئەنجام بدات بە بێ پۆشینی جلەکانی ئیحرام؟

ج: هەرکەسێك بیەوێت عومرە بکات ئەوا دەبێت لە میقاتەوە ئیحرام ببەستێت کە پێیدا تێپەڕ دەبێت ودێت بەرەو مەککە، ونابێت میقات تێبپەڕێنێت بە بێ ئیحرام پۆشین لەوێوە دەرهەق بە ئەو کەسانەی دەیانەوێت حەج یان عومرە ئەنجام بدەن، ئەگەر بۆ عومرەی یەکەم یان دووەم یان زیاتر بێت، بەڵام ئەو کەسەی لە نێو ناوچەی

میقاتدایە؛ ئەوا لەو شوێنەوە ئیحرام دەبەستێت کە نیەتی عومرە کردنی تێدا هێناوە، مەگەر لە مەککە بێت لەم حاڵەتەدا دەبێت دەربچێتە دەرەوەی سنوری مەککە بۆ بەستنی ئیحرام وئەنجامدانی عومرە، هەوەکو دایکی ئیماندان عائیشە ئەنجامیدا -ڕەزای خوای لێبێت- بە فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 354)

***

پ: حوکمی ئەو کەسە چییە کە عومرە بۆ باوکی دەکات پاش ئەوەی عومرەی بۆ خۆی کردووە، لەکاتێکدا بۆ عومرەکەی باوکی لە دەرەوەی شاری مەککە ئیحرامی بەستووە؟

ج: ئەگەر عومرەت بۆ خۆت کرد، وپاشان وبتەوێت عومرە بۆ باوکت بکەیت ئەگەر مردووبێت یان زیندووبێت ونەتوانێت بەهۆکاری نەخۆشییەوە خۆی عومرە بکات؛ ئەوا دەردەچیت بۆ دەرەوەی سنوری مەککە وەکو تەنعیم، ولەوێوە ئیحرام دەبەستیت بۆ ئەنجامدانی عومرە و واجب نییە سەفەر بکەیت بۆ میقاتێک لە میقاتەکان.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 135)

***

سێیەم: فەتواکانی ئیحرام وقەدەغەکراوەکانی

پ: ئەگەر ئیحرام بپۆشێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە پاشان نیەتەکەی هەڵوەشاندەوە؛ ئایا چی لەسەر واجبە؟

ج: ئەگەر پۆشاکی ئیحرام بپۆشێت ونیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرە نەهێنێت وتەلبیە نەکات؛ ئەوا بژاردە لە دەستی خۆیدایە، ئەگەر بیەوێت حەج یان عومرە دەکات، وئەگەر بیەوێت ئەنجامیان نادات، وهیچ شتێکی لەسەر واجب نییە ئەگەر پێشتر حەج وعومرەی ئیسلامی ئەنجامدابێت.

بەڵام ئەگەر نیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرەی هێنا بێت ئەوا بۆی نییە ئەم نیەتە هەڵبوەشێنێتەوە وپەشیمان ببێتەوە، بەڵکو واجبە ئەو نیەتەی بهێنێتە دی حەجبێت یان عومرە؛ چونکە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرمووێت:

(وأتموا الحج والعمرة لله).

﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ واتە: ﴿هەر بۆ خودا و لەبەر ڕەزامەندی ئەو حەج وعومرە بە چاکی و بەتەواوی وکامڵی ئەنجام بدەن﴾

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە: مسوڵمان ئەگەر نیەتی حەج وعومرە بهێنێت ئەوا بۆی نییە ئەنجامیان نەدات، بەڵکو واجبە لەسەری ئەونیەتەی هێناویەتی تەواوی بکات بە کامڵی وتەواوی؛ بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی باسکرا، مەگەر مەرجی دانابێت لەکاتی نیەت هێناندا وئەو ڕێگرە بێتە پێشی کە لێی دەترسا؛ لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە حەج یان

عومرەکەی تەواو نەکات، چونکە زوباعەی کوڕی زوبەیر کاتێك بە پێغەمبەری خودای ووت -صلى الله عليه وسلم-: ئەی پێغەمبەری خودا دەمەوێت حەج بکەم وگومانم هەیە -واتە دەترسا ڕێگرێک بێتە ڕێی ونەتوانێت حەجەکەی بکات- ، سەروەرمان فەرمووی:

«حجي واشترطي أن محلي حيث حبستني»

«حەج بکە ومەرج دابنێ -کە کۆتایي بە ئیحرامەکەم دەهێنم- لەو شوێنەی کەڕێگرێک دێتەڕێم ونەتوانم حەجەکەم تەواوبکەم». [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی ڕیوایەتیان کردووە]

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 166)

***

پ: ئافرەتێك نیەتی هێناوە بۆ ئەنجامدانی عومرە، پاشان تووشی سووڕی مانگانە بووە وتەواف وسەفا ومەڕوەی نەکردووە، وگەڕاوەتەوە بۆ شوێنی مانەوەی ولە ئیحرامەکەی دەرچووە، ئایا هیچ شتێکی لەسەرە، وئەگەر کۆتایي بە ئیحرامەکەی نەهێنا بێت؛ ئایا هیچ شتێکی لەسەرە؟

ج: هەر ئافرەتێك نیەتی ئیحرامی هێنا بۆ ئەنجامدانی عومرە پاشان تووشی سووڕی مانگانە بوو وکۆتایي بە ئیحرامەکەی هێنا پێش تەواف وسەفا ومەڕوە؛ ئەگەر نەزان بێت سەبارەت بە حوکمی ئەم کارە، ولەدووای دەرچونی لە ئیحرام

سەرجێیی لەگەڵ هاوسەری نەکردبێت؛ ئەوا واجبە عومرەکەی تەواو بکات لە پاش پچڕانی سووڕی مانگانەکەی، پاشان خۆی دەشوات بۆ پاکبوونەوە لە سووڕی مانگانە هەروەکو چۆن خۆی دەشوات بۆ پاکبوونەوە لە لەشگرانی، وپاشان تەواف وسەفا ومەڕوە دەکات وکۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت پاش ئەوەی هەندێك لە قژی دەبڕێت، وبەم شێوازە هیچ شتێکی لەسەر نییە.

خۆ ئەگەر سەرجێیی لەگەڵ هاوسەری کردبێت لەدووای دەچونی لە ئیحرام؛ ئەوا عومرەکەی هەڵوەشاوەتەوە، ولەگەڵ ئەمەشدا دەبێت تەواف سەفا ومەڕوە بکات وقژی کورت دەکاتەوە، وە واجبە عومرەیەکی تر بکاتەوە بە کاملی لە شوێنی ئەو عومرەیەی کە هەڵوەشاوەتەوە، ولەشوێنی نیەت هێنانی بۆعومرەی یەکەم نیەت دەهێنێت بۆ عومرەی دووەم، ولەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حەیوانێک سەربیبڕێت؛ یان مەڕێک کە تەمەنی شەش مانگ وبەرەوسەربێت، یان بزنێك تەمەنی ساڵێك وبەرەوسەربێت، لە شاری مەککە سەری دەبڕێت وگۆشتەکەی دابەش دەکات بەسەر هەژارانی ئەوێدا.

خۆ ئەگەر لە ئیحرامەکەی دەرنەچوبێت؛ ئەوا دەبێت عومرەکەی تەواو بکات بە ئەنجامدانی تەواف وسەفا ومەڕوە، ووا جار کۆتایی بە عومرەکەی دەهێنێت پاش

کورتکردنەوەی قژی، وله هەموو حاڵەتێکدا سووڕی مانگانە نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عومرە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 323)

***

پ: ئایا بەکارهێنانی سابوونی بۆندار ڕێگەپێدراوە بۆ کەسی موحریم؟

ج: ئەوکەسەی لە ئیحرامدایە جا پیاو یان ئافرەت بێت ڕێگەپێدراو نییە بۆن بەکاربهێنێت، لەوانەیش بەکارهێنانی سابوونی بۆندار، وهەرکەسێك بۆن لە خۆی بدات بە ئەنقەست وویستی خۆی وزانایە بە حوکمەکەی؛ ئەوا فیدیەی لەسەرە، وئەوەی نەزان بێت یان لەبیری چووبێت؛ ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە؛ چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:

(ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا)،

﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ واتە: ﴿پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناه و هەڵەیەکمان لە دەست قەوما﴾، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه».

«(قەڵەمی گوناه نووسین) هەڵگیراوە لەسەر ئومەتەکەم لەسەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە بە زۆر پێیان کراوە».
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 137)

***

پ: پێش ئەوەی بچمە نێو حەرەمی مەککەوە چووم بۆ دەست شۆر، وبە هەڵە ئیحرامەکەم لەسەر سەرم دانا، پاشان بیرم کەوتەوە ولام برد لە سەر سەرم، پرسیار: ئایا هیچ شتێکم لەسەرە؟

ج: ئەگەر موحریم شتێك بکات لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام بەهۆی لەبیرچوونەوە؛ ئەوا واجبە دەستبەجێ وازی لێبهێنێت هەرکاتێك بیری کەوتەوە، وگوناهبار نابێت وهیچ کەفارەتێکی لەسەر نییە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:
(ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا)
﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ واتە: ﴿پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناه و هەڵەیەکمان لە دەست قەوما﴾. وخوای گەورە لە جوابی ئەم دۆعایەدا فەرمووی: «جێبەجێم کرد»؛ هەروەکو بە سەحیحی هاتووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:
«عفي لأمتي عن الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه».

«(خوای گەورە) لە ئومەتەکەم خۆش بووە لەسەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە بە زۆر پێیان کراوە».
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 149)

***

پ: من وخێزانەکەم وخوشکەکەم چوین بۆ ئەنجامدانی عومرە لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڵام ئەوان لە کاتی عومرەدا دەستکێشیان لەدەست کرد بە فەرمانی من وسەبارەت بە حوکمەکەی نەمدەزانی، ئایا چیمان لەسەرە بیکەین؟

ج: ئەگەر ئافرەت دەستکێش لەدەست بکات بەهۆی نەزانیەوە ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر سەبارەت بە حوکمەکەی بزانێت لەکاتی ئیحرامدا ئەوا واجبە دەستبەجێ دەستکێشەکانی لابات.
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 156)

***

پ: خۆم وخێزانەکەم نیەتی ئەنجامدانی عومرەمان هێنا، وپاش نییەت هێنان خێزانەکەم تووشی سووڕی مانگانە بوو، وبەهۆی نەزانیمەوە سەبارەت بە حوکمی ئەوبابەتە ئیحرامەکەم کۆتایی پێهێنا، وجلەکانی ئیحرامم داکەند، ونەچووین بۆ مەککە، پاشان لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا من وخێزانەکەم عومرەمان ئەنجامدا -بە فەزڵی خوای گەورە-؛

هیوادارم بفەرموون بە ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی ئەو ڕووداوە، وئایا ئێستا دەبێت چی بکەم؟

ج: واجب بوو عومرەکەتان ئەنجام بدەن وهەڵینەوەشێننەوە، ووازهێنان لەنیەتی عومرە کردن وپۆشینی پۆشاک هیچ لە نیەتەکەی پێشو ناگۆڕێت، وبۆیە نیەتەکەی پێشوتان هەرماوە وهەڵنەوەشاوەتەوە، وعومرەی دووەمتان بە تەواوکاری عومرەی یەکەم دادەنرێت، وئەگەر سەرجێی لەو ماوەیەدا پێش ئەنجامدانی عومرەی دووەم ڕووی دابێت، ئەوا دەبێت عومرەیەکی تر بکەن؛ لە جێی عومرەی یەکەم کە بەسەرجێی هەڵوەشاوەتەوە ودەبێت لەهەمان میقاتی عومرەی یەکەم نیەتی بۆ بێنن، و هەردووکتان فیدیەتان لەسەرە ئەمیش بریتیە لە سەربڕینی حەیوانێک بۆ هەریەکێکتان لە شاری مەککە وگۆشتەکەیان دابەشدەکرێت بەسەر هەژارانی شارەکەدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 384)

***

پ: ئایا حوکمی بەکار هێنانی پشتوێنی کەمەر چییە ئەگەر لە پێست دروستکرا بێت، ودوورانەوەی تێدایە؛ واتا بە مەکینە دووراوەتەوە، هەروەها حوکمی پێڵاوە دووراوەکان چییە؟

ج: ئەوەی نیەتی دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە؛ ڕێگەپێدراوە پشتوێنی چەرم وپێڵاو بەکار بهێنێت با دورینیشی تیا بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 170)

***

پ: کاتێك ئیحرامم بەست لە (ئەبیار عەلی)، وڕۆیشتین بەرەو مەککە بەهۆی ڕێگاکەوە تووشی نارەحەتی بووم، وتایەکی تووند گرتمی، بۆیە خەوتم وسەرم داپۆشی، ئایا چی شتێك واجبە لەسەرم بیکەم؟

ج: واجبە فیدیە بدەیت، ئەمیش بریتیە لە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ، یان خواردنی شەش هەژار دەدەیت، یان سەربڕینی حەیوانێک لە شاری مەککە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 181)

***

پ: حوکمی لەپێکردنی گۆرەوی چییە لەکاتی تەواف کردندا؟ وئایا گۆرەوی بە دووراو دادەنرێن؟

ج: لەپێکردنی گۆرەوی لەکاتی ئیحرامدا ڕێگەپێدراو نییە، ئەگەر ناچار بێت لەپێیان بکات بەهۆی نەخۆشیەك یان هۆکاری تر؛ لەم حاڵەتەدا ڕێگەپێدراوە بەڵام دەبێت فیدیە

بدات، فیدیەکەیش بریتیە لە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ، یان خواردنی شەش هەژار دەدەیت؛ یان سەربڕینی حەیوانێک.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 183)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە موحریم هەموو لاشەی بشوات بۆ خۆ فێنککردنەوە؟

ج: ڕێگەپێدراوە ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە هەموو لاشەی بشوات بۆ خۆ فێنککردنەوە ئەگەر کەشوهەوا گەرم بوو، وئەمە یارمەتی دەدات بۆ چالاکبوون لەسەر ئەنجامدانی پەرستنەکان، ودەبێت لەکاتی خۆشۆرینیدا بەئاگا بێت سەبارەت بەوەی هیچ شتێك لە مووی قژی یان ڕووی نەکەوێتە خوارەوە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 184)

***

پ: ئەگەر موحریم بە ئۆتۆمبێلەکەی بڕوات بەسەر دارێك یان گژوگیای سەر زەویدا؛ ئایا هیچ شتێکی لەسەرە؟

ج: ئەگەر کەسی موحریم لە خاکێکی تر جگە لە خاکی حەرەم بڕوات بەسەر ئەوانەدا؛ هیچ شتێکی لەسەر نییە، بەڵام دەبێت نرخی ئەوەی کە شکاندوویەتی یان تێکیداوە بیدات بە خاوەنەکەی ئەگەر خاوەنی هەبوو، وئەگەر دارێك بشکێنێت

یان گژوگیایەك تێكبدات لە حەرەمدا؛ بەهەمان شێوە دەبێت نرخی ئەوەی کە شکاندوویەتی یان تێکیداوە بیدات بە خاوەنەکەی ئەگەر خاوەنی هەبوو، وئەگەر خاوەنی نەبوو ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە، ونابێت بە بێ هۆکار ئەم کارە بکات؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 185)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە موحریم پیاو یان ئافرەت بێت پۆشاکی ئیحرامەکەی بگۆڕێت بە ئیحرامێکی تر، جا لەکاتی حەج یان عومرە بێت؟

ج: ڕێگەپێدراوە موحریم پۆشاکی ئیحرامەکەی بگۆڕێت بە ئیحرامی تر لەکاتی حەج وعومرەدا، وئەم گۆڕینە هیچ کاریگەری نابێت لەسەر نیەتەکەی بۆ ئەنجامدانی حەج یا عومرە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 185)

***

پ: لە کاتی نزاو دۆعاکردنم لە مولتەزەم دەستم بەر زەیتی ئەو عەترەکەوت کە کەعبەی پێ بۆن خۆش دەکەن، ولاشە وقژ وجلەکانم بەم بۆنە چەور کرد، ئایا حوکمی ئەو جۆرە لە خۆ

بۆنخۆشکردن به ئەو عەترەی دراوە لە کەعبە وبەبێ مەبەست دەستم بەری کەوتووە چیە، وپاشان دەستنوێژم گرت وتەقریبا نەما لە سەر لاشەم؟

ج: دەستدان لەو بۆنەی بەسەر دیواری کەعبەوەیە بە نائەنقەست پاشان بەکارهێنانی بۆ لاشە وقژ وجلەکانت لەکاتێکدا قەدەغەکراوە لەسەرت لەکاتی حەج وعومرەدا؛ حوکمەکەی ئەوەیە واجبە کەفارەت بدەیت ئەمیش بریتیە لە ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ، یان خواردن شەش هەژار بدەیت، یان سەربڕینی حەیوانێک لە شاری مەککە، مەگەر نەزان بیت سەبارەت بە حوکمە شەرعیەکە، یان بەهۆی لە بیرچوونەوە ئەم کارەت کردبێت؛ لەم حاڵەتانەدا هیچ شتێکت لەسەر نییە. *(مولتەزەم: ئەو مەسافەیە دەوترێت کە لە نێوان دەرگای کەعبە وبەردە ڕەشەکەدایە)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 186)

***

پ: ئافرەتێك سێ جار عومرەی کردووە، لەکاتێکدا نیقابی پۆشیوە، ولەسەر نیقابەکەیەوە بە قوماشێکی تەنك ڕووی داپۆشیوە، وهەندێك جار بەسەر نیقابەکەدا دای داوەتەوە، وهەندێك جار لای بردووە، لە کاتێکدا نەزان بووە سەبارەت بە حوکمی نیقاب پۆشین لەکاتی حەج وعومرە کرندا، شێخی بەڕێز ئایا حوکمی ئەم بابەتە چییە؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە ئافرەتی موحریم نیقاب بپۆشێت لەکاتی حەج وعومرە کردندا، بەڵام ئەگەر پیاوی نامەحرەم ئامادە بوو لەو شوێنەدا ئەوا بە پارچەیەک لە لەچکەکەی ڕووی دادەپۆشێت، ئەمەیش کردەوەی خێزانەکانی پێغەمبەر بووە- صلى الله عليه وسلم- لەکاتی حەجیماڵئاوایی، وئافرەتی باسکراو کە نیقابی پۆشیووە بەهۆی نەزانینەوە هیچ شتێکی لەسەر نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 194)

***

چوارەم: فەتواکان سەبارەت بە تەواف

پ: ڕێوڕەسمەکانی عومرەم جێبەجێ کرد، وبەهۆی نەزانینم سەبارەت بە تەواوی ڕێو ڕەسمەکان؛ لە ئاراستەی بەردە ڕەشەکەوە تەوافم دەستپێنەکرد بەڵکو لە (ڕوکنی یەمانیەوە) دەستم پێکرد، ئەمیش بەهۆی نەزانینم سەبارەت بە مەرج و واجبەکان، وبە ویستی خودای گەورە ڕێوڕەسمەکانی ترم بە دروستی جێبەجێ کردووە، هیوادارین بەڕێزتان ڕوونی بکەنەوە چیم لەسەرە بیکەم؟

ج: ئەوەی پرسیارکار کردوویەتی لە دەستپێکردن بە تەواف لە (ڕوکنی یەمانیەوە)؛ ئەمە بە هەڵە دادەنرێت، چونکە دەبێت تەواف لە بەردە ڕەشەکەوە دەستپێبکات، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەمە بە هەڵە دادەنرێت وکاریگەری نابێت لەسەر دروستی

تەواف کردنی؛ چونکە هەندێکی زیاد کردووە بۆ تەوافی یەکەم، وزیانی نابێت ئەگەر حەوت دەورەی تەواو کردبێت ولە ئاراستەی بەردەکە ڕەشەکە کۆتایی بە تەوافەکە هێنا بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 210)

***

پ: ئایا (ئیزتیباع) لە کاتی تەوافدا سوننەتە؟ وئەو کەسەی لەبیری چووە (ئیزتیباع) بکات؛ چی شتێکی لەسەرە؟ ئایا ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە شوێنی ووتنی: (بسم الله والله أكبر) دەگرێتەوە؟ ئایا کەسێك چی لەسەرە ئەگەر واز لە ووتنیان بهێنێت بەهۆی لەبیرچوونەوە وتەنها ماچی بەردەکە بکات، وکاتێک بیری دەکەوێتەوە دوورکەوتەوە لە ئاراستەی بەردەڕەشەکە، ولەکاتێکدا وتوویەتی کە بەرەو مەقامی ئیبڕاهیم دەڕۆیشت؟

ج: ئیزتیباع: بریتیە لەوەی موحریم ناوەڕاستی پۆشاکی سەرەوە بخاتە نێو باڵی ڕاستیەوە وتەنیشتەکانی پۆشاکەکە لەسەر شانی چەپی بێت؛ بۆیە شانی ڕاستی ڕووت دەبێت ودەردەکەوێت، (موحریم: واتا ئەو کەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە)، (ئیزتیباع) کاتی تەوافی یەکەم سوننەتە کاتێك دەگات بە شاری مەککە؛ ئەمیش بریتیە لە تەوافی عومرەی تەمەتوع*، یان لە کاتی تەوافی هاتن بۆ

(قارين)** وموفريد^، وئەوەی (ئیزتیباع) نەکات هیچ شتێکی لەسەر نییە.

وئەوەی نەڵێت (بسم الله والله أكبر) لە سەرەتای تەوافدا هیچ شتێکی لەسەر نییە، چونکە تەکبیر ونزا لەکاتی تەواف وسەعی هەمووی سوننەتە و واجب نییە، بەڵکو واجب بریتیە لەوەی بە نیەتەوە تەواف وسەعی بکات لە سەرەتایاندا. *(تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەکانی حەجدا)، **(قارین: نییەتی حەج وعومرە پێکەوە دێنێت)، ^(موفرید: واتا تەنها حەج ئەنجام دەدات).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 210)

***

پ: لە کاتی تەوافدا کچە بچووکەکەم هەڵدەگرم ودایی بۆ بەستراوە، وبیستوومە دەڵێن تەواف کردن بەم حاڵەتەوە دروست نییە، چونکە داییەکە دەگونجێت میزی تیابێت، دەمانەوێت لە بەڕێزتانەوە بیزانین ئایا حوکمی ئەم بابەتە چییە؟

ج: ڕێگەپێدراوە بۆ تەوافکار منداڵ لەباوەش بکات ئەگەرچیش دایی بۆبەسترابێت بەمەرجێك پیسی بەر لاشە وجلی تەوافکار نەکەوێت، وە هەمان حوکمیش باسدەکرێت بۆ بابەی نوێژ لەو حاڵەتەدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 236)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەت لەسوڕی مانگانەدابێت تەواف بکات؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئافرەت لەسوڕی مانگانەدابێت تەواف بکات هەتاوەکو خاوێن دەبێتەوە وخۆی دەشوات بۆ پاکبوونەوە لە سووڕی مانگانە؛ چونکە کاتێك عائیشە تووشی سووڕی مانگانە بوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو:

«لا تطوفي بالبيت حتى تطهري»

«تەواف مەکە بە دەوری کەعبەدا هەتا پاك دەبیتەوە».

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 249)

***

پ: ئایا دروستە ئافرەت تەواف وسەعی بکات وپیاوەکەی یان مەحرەمەکەی چاوەڕێی بکەن هەتاوەکو تەواو دەبێت؛ واتا لە کاتی تەواف وسەعی لەگەڵ ئافرەتەکە نابن، بەڵکو لە حەرەمی پیرۆز چاوەڕێی دەکەن؛ هەتاوەکو عومرەکەی تەواو دەکات؟

ج: بوونی مەحرەم لەگەڵ ئافرەتەکە لەکاتی تەوافی عومرە یان حەج مەرج نییە بۆ دروستی تەواف، بەڵکو بوونی مەحرەم

واجبە لە کاتی گەشتکردنی ئافرەتەکە بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە یان هەر گەشتێکی تر.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 353)

***

پ: کەسێك تەوافی دەکرد بە دەوری کەعبەدا وبۆ نمونە لە خولانەوەی پێنجەمدا بوو، پێش ئەوەی خولانەوەی پێنجەم تەواو بکات قامەت کرا بۆ ئەنجامدانی نوێژ، نوێژی کرد وپاشان هەستا بۆ تەواوکردنی تەوافەکە، ئایا ئەم تەواوکاریە لەسەر خولانەوەی پێنجەم حسێب دەکرێت کە وەستانی بۆ ئەنجامدانی نوێژ؛ مەبەست ئەوەیە لەوێوە دەستپێبکات کە تێیدا وەستا، یان دەبێت خولانەوەی پێنجەم هەڵبوەشێنێتەوە وسەرەتا دەستی پێبکاتەوە لە ئاراستەی بەردە ڕەشەکە؟

ج: ڕای دروست ئەوەیە خوڵانەوەکە پوچەڵ ناکاتەوە لەم حاڵەتەدا، بەڵکو دەستدەکات بە تەواوکردنی خولانەوەکە لەو شوێنەی کە پچڕاندی بۆ ئەنجامدانی نوێژ لەگەڵ ئیمامدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 230)

***

پ: ئایا بەردە ڕەشەکە لە ئاسمانەوە دابەزیووە؟ یان بەردێکە هەروەکو بەردەکانی تر؟

ج: خودای گەورە هەندێك تایبەتمەندی بەخشیووە بە بەردە ڕەشەکە وڕێگەی پێداوین کە ماچی بکەین ودەستی لێبدەین، و ویستی وابوو لەو گۆشەیەی کەعبەدا بێت کە ئێمە ڕووی لێدەکەین لەکاتی نوێژەکانماندا، وماچکردنی ودەستلێدانی ڕێگەپێدراوە بۆ تەوافکاران؛ بە مەرجێك توانایان هەبێت، ئەگەر نەیانتوانی ماچی بکەن ودەستی لێبدەن ئەوا دەتوانن تەنها ئاماژەی بۆ بکەن کاتێك بە ئاراستەیدا تێپەڕ دەبن لەگەڵ ووتنی (الله أكبر)، وفەرموودەیەك گێڕدراوەتەوە لە لایەن (الترمذي) وئەوانی تر کە ئاماژەیە بۆئەوەی لە بەهەشتەوە دابەزیووە، بەڵام سەنەدەکەی لاوازی تێدایە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 228)

***

پ: ئایا ماچکردنی کەعبەی پیرۆز لە ڕێورەسمەکانی حەج یان عومرە حەڵاڵە یان حەرامە؟

ج: تەنها ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ڕێگەپێدراوە، وهاتووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە ماچی بەردە ڕەشەکەی کردووە وماچی هیچ شوێنێکی تری نەکردووە لە کەعبەی پیرۆزدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 228)

***

پ: ئایا دروستە ئافرەت ماچی بەردە ڕەشەکە بکات لەکاتێکدا پیاوی نامەحرەم لە دەوروپشتیدان؟

ج: ماچکردنی بەردە ڕەشەکە لە کاتی تەوافدا سوننەتە وجەختی لەسەر کراوەتەوە؛ ئەمیش وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەم کردەوەیەدا، بەمەرجێك ماچکردنی ئاسان بێت بە بێ پاڵنان وبێ کێبڕکێ وبێ ئازاردانی کەس، وئەگەر ماچکردنی ئاسان نەبوو مەگەر بە پاڵنان وکێبڕکێ وئازاردان نەبێت ئەوا دەبێت وازی لێبهێنێت، وتەنها بە دەست ئاماژەی بۆ بکات، بە تایبەتی ئافرەت؛ چونکە شەرمگەیە، پاڵنان وکێبڕکێ لەو شوێنەدا دەرهەق بە پیاوان دروست نییە، بۆیە دەرهەق بە ئافرەتان لە پێشترە کە دروست نەبێت، هەروەها ئەگەر ماچکردنی بەردەکە بۆ ئافرەت ئاسان بوو بە بێ پاڵنان وبێ کێبڕکێ؛ ئەوا ڕێگەپێدراو نییە بۆی ڕووی دەربخات لەکاتی ماچکردنی بەردە ڕەشەکە، چونکە پیاوی نامەحرەم لەو شوێنەدا هەیە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 229)

***

پ: ئایا حاجی یان عومرەکار لە کاتی تەواف بە دەوری کەعبەدا دەتوانێت بچێتە نێو (حیجری ئیسماعیل) لە کاتی تەواف کردنیدا؟

ج: تەوافکار بە دەوری کەعبەدا لە حەج یان عومرە یان تەوافی سوننەتدا؛ ڕێگەپێدراو نییە بۆی بچێتە نێو (حیجری ئیسماعیل)ەوە، وئەمە شوێنی تەواف ناگرێتەوە، چونکە تەواف دەبێت بە دەوری کەعبەدا بێت و (حیجر)یش بە بەشێك لە کەعبە دادەنرێت، خودای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

(وليطوفوا بالبيت العتيق)

﴿وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ واتە: ﴿تەواف بکەن بە دەوری ماڵی دێرین وبەڕێزدا (بەدەوری کەعبەدا)﴾ [مسلم] وئەوانی تر دەیگێڕنەوە کە عائیشە -ڕەزای خودای لێبێت- دەڵێت:

«سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم عن الحجر، فقال: "هو من البيت» || ، وفي لفظ قالت: إني نذرت أن أصلي في البيت، قال:

«پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە (حیجر)، فەرمووی: بەشێکە لە ماڵەکە (لە کەعبە)»، ولە گێڕانەوەیەکدا ووتی: من نەزرم کردووە کە لە نێو کەعبەدا نوێژ بکەم، فەرمووی:

«صلي في الحجر، فإن الحجر من البيت» .

«له نێو حیجردا نوێژ بکە، چونکە حیجر بەشێکە لە کەعبە».
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 233)

***

پێنجەم: فەتواکان سەبارەت بە سەفا ومەڕوە

پ: سەبارەت بە هەروەلە (خێرا ڕۆیشتن) لە نێوان دوو نیشانە سەوزەکە لە کاتی سەفا ومەڕوەدا بۆ ئافرەتان؛ لە خوێندنەوەم بۆ کتێبەکانی فیقهـ لە بابەتی حەج وعومرە هیچ شتێکم نەدۆزیەوە ڕێگر بێت لە ئافرەتان لەوەی هەروەلە بکەن، لە تەلەڤزیۆنەوە بیستم یەکێك لە زانایان دەیووت: ئافرەت هەروەلە ناکات لە سەعیدا، وتەنها لەسەر پیاوانە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی ئافرەت بۆئەوەی هەندێك شوێنی لاشەی دەرنەکەوێت لە کاتی هەروەلەدا، وهیچ بەڵگەیەکی باس نەکرد لەسەر ئەم قسەیە، منیش لە نەفسی خۆمدا ووتم: ئەگەر ڕای خۆی بێت لە ئیجتیهادەوە ئەوا هەروەلە سوننەتە وهاجەرە -ڕەزای خودای لێبێت- یەکەم کەس بوو ئەنجامیدا، بەڵام حەمد وستایش بۆ اللّٰه لەو ڕاوبۆچوونە تێدەگەم وحەمد بۆ اللّٰه کە ئاین بە ڕاوبۆچوون نییە هەروەکو پێشەوای ئیمانداران عەلی -ڕەزای خودای لێبێت- فەرموویەتی، وکەواتە فەتوامان بۆ بدەن لەسەر ئەم بابەتە؛ بارك اللّٰه فیکم.

ج: ئیبن مونزیر دەڵێت: زانایان یەکدەگن لەسەر ئەوەی رەمل (خێرا رۆیشتن) لەسەر ئافرەتان نییە لە کاتی تەواف بە دەوری کەعبەدا، بە هەمان شێوە لە نێوان سەفا ومەروە، و(ئیزتیباع)یشان* لەسەر نییە؛ چونکە بنچینە لەم کردەوانە ئەوەیە بەهێزی لاشە تێیدا دەربکەوێت، بۆیە ئافرەتان ئاراستە ناکرێن بۆ ئەنجامدانیان؛ چونکە بنچینە لە ئافرەتدا ئەوەیە داپۆشراو بێت، ولە (رەمل وئیزتیباع)دا تووشی دەرخستنی لاشە دەبن. *(ئیزتیباع: بریتیە لەوەی موحریم ناوەڕاستی پۆشاکی سەرەوە بخاتە نێو باڵی ڕاستیەوە وتەنیشتەکانی پۆشاکەکە لەسەر شانی چەپی بێت؛ بۆیە شانی ڕاستی ڕووت دەبێت ودەردەکەوێت).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 226)

***

شەشەم: فەتواکان سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە عومرە

پ: هەرکەسێك قژی تاشیبێت پاش ئەنجامدانی عومرە لەم هەفتەیەدا؛ پاشان بیەوێت عومرەیەکی تر ئەنجام بدات لە هەفتەی داهاتوو، ئەوا دەبێت چی بکات؟ چونکە قژی زۆر کورتە ولەوەیە هێشتا دەرنەچووبێت.

ج: هەرکەسێك عومرە یان حەج ئەنجام بدات ئەوا دەبێت مووی سەری بتاشێت یان کورتی بکاتەوە، وئەگەر قژی

مووی پێوە نەبێت؛ ئەم واجبەی لەسەر لادەچێت، وحەج وعومرەکەی دروستن.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 327)

***

پ: چەند هاوڕێیەك چوون بۆ ئەنجامدانی عومرە، ورێوڕەسمەکانیان تەواوکرد ویەکێکیان (کەسی یەکەم) قژی ئەوانی تری تاشی، پاشان یەکێکیان هەستا وقژی (کەسی یەکەم)یشی بە هەمان شێوە تاشی وبەم شێوە کۆتاییان بە ڕێوڕەسمەکان هێنا، ئایا حوکم چییە لەم بابەتەدا؟

ج: ئەگەر موحریم مووی سەری موحریمێکی تر بتاشێت ودەیەوێت بەم شێوەیە کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکان بهێنێت؛ ئەمە ئاساییە وهیچی تێدا نییە، چونکە قژ تاشین ڕێگەپێدراوە. (موحریم: واتا ئەوکەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 146)

***

پ: هیوادارین فەتوامان بۆ بدەن سەبارەت بە قژ تاشینی دروست لە حەج وعومرەدا، ئایا قژ تاشین بە مووس یان بە مەکینە دەبێت؟ وئایا قژ تاشین بە مووس باشترە لە قژ تاشین بە مەکینە، یان هەردووکیان یەکسانن؟

ج: مەبەست ئەوەیە قژ بتاشرێت یان کورت بکرێتەوە ئینجا بە هەر ئامێرێك بێت، بۆ زانیاری تاشین باشترە؛ وتاشین: بریتیە لە بنەبڕکردنی مووی قژ لە بنچینەوە بە مووس یان هەر ئامێرێکی تر، وهاتووە بە سەحیحی لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- کە سێ جار نزای لێخۆشبوون وڕەحمەتی کردووە بۆ ئەوانەی قژی سەریان دەتاشن ویەك جار نزای کردووە بۆ ئەوانەی قژیان کورت دەکەنەوە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 201)

***

پ: کەسێك نیشتەجێبووی جەددەیە ومووی سەری نەتاشی هەتاوەکو گەیشتە جەددە، ئایا حوکمی ئەم کارە چییە؟

ج: تاشینی مووی سەر لە ڕێوڕەسمەکانی حەج یان عومرەدا لە هەرشوێنێك بێت لە نێو حەرەم یان دەرەوەی؛ ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە عومرەدا کۆتایی نەهێناوە بە ئیحرامەکەی هەتاوەکو قژی دەتاشێت یان کورتی دەکاتەوە، هەروەها لە حەجدا ئەگەر بەردەکانی هاویشتبێت وتەواف وسەعی کردبێت؛ ئەوا سەرجێی ناکات لەگەڵ خێزانەکەی هەتاوەکو قژی دەتاشێت یان کورتی دەکاتەوە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 203)

***

پ: کەسێك هات بۆ جەددە، لە ڕۆژی دواتر ڕۆیشت بۆ ئەنجامدانی یەکەم عومرە لە ژیانیدا، ولەگەڵ کەسێکی نزیکی ڕۆیشت وعومرەکەی تەواو کرد، پاش تەواو کردنی سەعی پێم ووت: قژمان بتاشین یان کورتی بکەینەوە؟ ووتی: لە ماڵەوە دەیتاشین. کاتێك گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە لەبیرمان چوو قژمان بتاشین وجلەکانی ئیحراممان داکەند، چیمان لەسەرە خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە؟

ج: هەرکەسێك تاشینی قژ یان کورتکردنەوەی لەبیرچوو پاش تەواوکردنی تەواف وسەعی، وجلەکانی لەبەرکرد پێش ئەوەی قژی بتاشێت یان کورتی بکاتەوە؛ ئەوا ئەگەر بیری کەوتەوە واجبە دەستبەجێ جلەکانی دابکەنێت وجلی ئیحرام بپۆشێت، پاشان قژی بتاشێت یان کورتی بکاتەوە، ودواتر دەتوانێت جلەکانی لەبەر بکاتەوە وهیچ شتێکی لەسەر نییە، وگوناهبار نابێت چونکە بەهۆی لەبیرچوونەوەوە عوزری هەیە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 206)

***

ئەو فەتوایانەی حاجیەکان زۆر پێویستانە[1]

حوکم وپلە وپایەی حەج وبریکاری تێیدا (بەدەل حەج)

پ: ئایا گرنگی مەککە چییە بۆ جیهانی ئیسلامی؟

ج: خودای گەورە کردوویەتی بە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی ومەڵبەندی ئاسایشە، وحەرەمێکی ئارام وهێمەنە، حاجیەکان وزانایان تێیدا کۆ دەبنەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێورەسمەکانیان لە ئەوپەڕی هێوری وئارامیدا، بە هیوای پاداشتی الله ن - سبحانه وتعالى-، ولە سزای دەترسن، مسوڵمانان لە نێو خۆیاندا یەکتر دەناسن وئامۆژگاری یەکتر دەکەن، وڕاوێژی یەکتر دەکەن سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی ئاین ودونیا، تێیدا پاداشتی نوێژ وکردەوە چاکەکان چەندەها قاتە بۆیان.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 8)

***

پ: لە ڕابردوودا باوکم یەك حەجی ئەنجامداوە بە پێ نزیکەی 40 ساڵ پێش ئێستا، ودوو جار عومرەی کردووە، یەکێکیان پێش سێ ساڵ لە وەفات کردنی ئەنجامیدا، وپیاوێکی نەخوێندەوار بوو، نازانم چۆن ئەو حەجەی ئەنجامداوە، ئایا

---

1 وهەڵبژێردراوە لە نێو کتێبی (مجموع فتاوى لجنة الإفتاء الدائمة) لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە، لەگەڵ پوختەیەکی گونجاو بۆ پرسیارەکان کە بگونجێت لەگەڵ بابەتەکاندا.

دەبێت حەجێکی تری بۆ ئەنجام بدەم، وڕای بەڕێزتان چییە سەبارەت بەم بابەتە؟

ج: حەجکردن تەنها یەك جار واجبە لە تەمەندا، وبنچینە لە جێبەجێکردنی کردەوەکان وڕێوڕەسمەکان تەواوی وسەلامەتیە، بۆیە حەجکردن بۆ جاری دووەم واجب نییە، بەڵام ئەگەر بۆ باوکت حەجێکی تر ئەنجام بدەیت؛ ئەم حەجکردنە دەبێتە سوننەت، وپاداشتی گەورەی تێدایە بۆ تۆ وبۆ ئەویش؛ ئەگەر خودای گەورە لێت قبوڵ بکات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 15)

***

پ: حوکمی دەرچوونی ئافرەت چییە بۆ ئەنجامدانی حەجی فەرز بە بێ ئەوەی ڕوخسەت لە مێردەکەی وەربگرێت؟

ج: حەجی فەرز واجبە ئەگەر مەرجەکانی تواناداری هەبێت، وڕوخسەت وەرگرتن لە مێرد یەکێك نییە لەو مەرجانە، ونابێت ڕێگری لێبکات لە ئەنجامدانی حەج، بەڵکو ڕێگەپێدراوە یارمەتی بدات بۆ ئەنجامدانی ئەم واجبە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 20)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتێك كە هاوسەرگیری كردبێت بڕوات بۆ حەج بە بێ ڕەزامەندی مێردەكەی، لەگەڵ كەسە نزیكەكانی دەڕوات وبراكانی لەگەڵیدان؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە ئافرەت گەشت بكات بۆ ئەنجامدانی حەج مەگەر پاش ڕوخسەتی مێردەكەی؛ بەڵام ئەمە حەجی فەرز ناگرێتەوە، چونكە مێردەكەی مافی ئەوەی نییە ڕێگری لێبكات ئەگەر مەحرەمی لەگەڵدا بێت، ونابێت ئافرەت بە بێ مەحرەم گەشت بكات بۆ ئەنجامدانی حەج یان بۆ هەر شوێنێكی تر؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر إلا ومعها ذو محرم»،

«حەڵاڵ نیە بۆ ئافرەتێک کە باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەبێت سەفەر بكات مەگەر كەسێكی مەحرەمی لەگەڵدا بێت». وچوونی لەگەڵ كۆمەڵێك ئافرەت شوێنی مەحرەم ناگرێتەوە، چوونی لەگەڵیان بۆ حەجی فەرز یان هەرشوێنێكی تر هەمان حوكمی هەیە وڕێگەپێدراو نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 40)

***

پ: ئەگەر بمەوێت منداڵەكەم كە هێشتا باڵغ نەبووە لەگەڵ خۆمدا حەج ئەنجام بدات، ئایا جلەكانی ئیحرامی پێ بپۆشم وله جیاتی ئەو هەموو ڕێوڕەسمەكان جێبەجێ بكەم وەكو

تەواف و...هتد، یان جلە ئاسایيەكانی پێ لەبەر بكەم وهیچ شتێك لە جیاتی ئەو ئەنجام نەدەم بەهۆی ئەوەی بچووكە وحەجی لەسەر نییە؟

ج: منداڵێک کە هێشتا باڵغ نەبوو؛ ئەگەر بەخێوکارەکەی بیەوێت حەج ئەنجام بدات ئەوا فەرمانی پێدەکات بە پۆشینی جلەکانی ئیحرام، ودەبێت خۆی هەموو ڕێوڕەسمەکانی حەج جێبەجێ بکات لە دەستپێکردنی ئیحرام لە میقاتەوە* هەتاوەکو کۆتا کردەوەکانی حەج، ولە جیاتی ئەو بەردەکان دەهاوێژێت ئەگەر نەیتوانی، وفەرمانی پێدەکات بەوەی خۆی لە قەدەغەکراوەکان بە دوور بگرێت، وئەگەر منداڵەکە زۆر بچوک بوو؛ لێرەدا لە جیاتی ئەو نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە، وتەواف وسەعی دەکات ولەگەڵ خۆیدا دەبێت لە هەموو ڕێوڕەسمەکاندا ولە جیاتی ئەو بەردەکان دەهاوێژێت. *(میقات: واتا شوێنی هێنانی نیەت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 22)

***

پ: منداڵی بچووك ئەگەر كوڕ یان كچ بێت ئەگەر فەریزەی حەج ئەنجام بدات، ئایا بەسە یان بە سوننەت دادەنرێت وپاداشتەكەی بۆ دایك وباوكیەتی؟

ج: ئەنجامدانی حەج وعومرە بۆ منداڵێك باڵغ نەبووبێت بە سوننەت دادەنرێت، وشوێنی حەج وعومرەی فەرز ناگرێتەوە لە ئاینی ئیسلامدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 23)

***

پ: ئافرەتێک هاتووە بۆ سعودیە وجێبەجێکردنی فەریزەی حەجی بۆ ئاسان بوو لەسەر خەرجی میواندارێك، وپرسیار دەکات ئایا ئەم حەجکردنە بەسە وشوێنی حەجی فەرز دەگرێتەوە لە ئیسلامدا، چونکە لەم حاڵەتەدا هیچ شتێکی لە پارەی خۆی خەرج نەکردووە بۆ ئەنجامدانی حەج؟

ج: ئەگەر هیچ شتێکی لە پارەی خۆی خەرج نەکردبێت بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج ئەمە هیچ کاریگەری نییە لەسەر دروستێتی حەجکردنی، یان ئەگەر پارەیەکی کەمیشی خەرج کردبێت، وکەسێکی تر پارەی زۆری بۆ خەرج کردبێت لە خەرجیەکانی حەج، بەمەرجێك حەجکردنەکەی مەرج وپایە و واجبەکانی تەواو بێت؛ لێرەدا فەریزەی حەجی لەسەر نەماوە، ئەگەرچیش کەسێکی تر خەرجی بۆ کردبێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 34)

***

پ: لەم وڵاتەدا ئەگەر کەسێك بیەوێت بچێت بۆ حەج دەبێت بڕێك پارە بە بڕی 125 هەزار لە بەنك دابنێت، وئەمە بڕێکی زۆرە، بۆ زانیاری بەنکەکە مامەڵەی ڕیبایی تێدایە، وهیچ ڕێگایەکی تر نییە بۆ چوون بۆ حەج مەگەر لەم ڕێگایەوە نەبێت، ئایا حەجکردن لەم حاڵەتەدا فەرزە لەسەر مسوڵمانی توانادار، وئەگەر مسوڵمان بەم شێوەیە حەج بکات حەجەکەی دروستە، بۆ زانیاری لەم حاڵەتەدا یارمەتی بانکە ڕیبادارەکان ودەوڵەتی داوە؟

ج: حەجەکەی دروستە، وئەوەی باسکرا نابێتە عوزر بۆ دواخستنی حەج ئەگەر ئەو کەسە توانادار بێت بۆ ئەنجامدانی حەج.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 42)

***

پ: ئایا حوکمی ئەو کەسە چییە کە بە پارەی حەرام حەج دەکات؟ ئایا حەجەکەی قبوڵە یان نا؟

ج: ئەگەر بە پارەی حەرام حەجی کردبێت؛ ئەمە کاریگەری نابێت لەسەر دروستی حەجکردنەکەی، بەڵام گوناهبار دەبێت چونکە ئەو پارەیەی بە حەرام بەدەستهێناوە، وئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاداشتی حەج بەڵام نابێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 43)

***

پ: برێك پارەم لە بەنك هێنا كە بە قستی ساڵانە پێیان دەدەمەوە، ئایا ڕێگەپێدراوە حەج بكەم لەكاتێكدا ئەم برە پارەیەم لەسەرە ودەبێت بیدەمەوە بە بانك؟

ج: تواناداری بۆ ئەنجامدانی مەرجێكە لە مەرجەكانی واجبوونی حەج، ئەگەر توانیت حەج بكەیت وقستەكە بدەیتەوە لە ماوەی حەجدا؛ ئەوا دەبێت حەج بكەیت، ئەگەر ناتوانیت هەردووكیان پێكەوە ئەنجام بدەیت؛ ئەوا دانەوەی قستەكە پێش بخە كە لێت داواكراوە، وحەجەكە دوا بخە بۆ ئەو كاتەی كە دەتوانیت؛ چونكە خودای گەورە دەفەرمووێت:

{ولله على الناس حج البيت من استطاع إليه سبيلا}

﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ واتا: ﴿خودای گەورەیش بڕیاریداوە لەسەر خەڵكی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بكەن بە تەنها ئەوانەی كە توانای (دارایی و تەندروستیان) هەیە﴾.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 45)

***

پ: ئەو کەسەی حەج دەکات بۆ مردوویەك یان بۆ کەسێکی بەتەمەن، وپێشتر حەجی نەکردووە وپارەی نییە جگە لەو پارەی بۆ بەدەل حەج پێیدراوە، ئایا کامیان پێش بخات حەج کردن بۆ خۆی یان حەج کردن بۆ ئەو کەسەی وەکیلیەتی؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە مرۆڤ حەج بۆ کەسێکی تر بکات لە پێش حەج کردن بۆ خۆی، وبنچینە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە ئیبن عەباس -ڕەزای خودای لێبێت- دەیگێڕێتەوە:

«أن النبي صلى الله عليه وسلم سمع رجلا يقول: لبيك عن شبرمة، قال: "حججت عن نفسك؟ " قال: لا، قال: "حج عن نفسك، ثم عن شبرمة» .

«پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم-لە پیاوێکی بیست دەیووت: (لبيك) لە جیاتی شوبرومە، فەرمووی: ئایا بۆ خۆت حەجت کردووە؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، فەرمووی: بۆ خۆت حەج بکە، ئینجا بۆ شوبرومە».

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 50)

***

پ: ئەو مسوڵمانەی کە فەریزەی حەجی ئەنجامداوە ئایا ڕێگەپێدراوە حەج بکات بۆ کەسێکی نزیکی بەهۆی ئەوەی ناتوانێت بگاتە ئەو شوێنە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج؟

ج: ئەو مسوڵمانەی کە فەریزەی حەجی بۆ خۆی ئەنجامداوە؛ ڕێگەپێدراوە حەج بکات بۆ کەسێکی تر ئەگەر

ئەو کەسە نەتوانێت لە خودی خۆیدا حەج ئەنجامدات، ئینجا بەهۆی بەتەمەنی یان نەخۆشی یان مردن بێت؛ بە بەڵگەی فەرمووده سەحیحەکان، بەڵام ئەو کەسەی دەیەوێت حەجی بۆ بکات ناتوانێت ئەنجامی بدات بەهۆی ڕێگرێك کە هیوا هەیە بە نەمانی وەکو نەخۆشیەك کە هیوا هەیە چاك بێتەوە، یان پۆزشی سیاسی، یان نائاسایشی ڕێگاوبان وهاوشێوەکانیان؛ ئەوا نابێت حەج لە جیاتی ئەم جۆرە کەسە ئەنجام بدات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 51)

***

پ: ئایا حەج بکەم بۆ دایك وباوکم کە مردن وفەریزەی حەج لەسەریان واجب نەبوو بەهۆی هەژارییان، بەڵام دەمەوێت حەج بۆ خۆیشم ئەنجام بدەم؟ دەمەوێت حوکمی شەرعی بزانم لەم مەسەلەیەدا.

ج: ڕێگەپێدراوە بە خودی خۆت حەج بکەیت بۆ دایك وباوکت، یان کەسێك بکەیتە وەکیل بۆ ئەنجامدانی حەج بۆیان؛ بەمەرجێك پێشتر خۆت حەجت ئەنجامدا بێت، یان ئەو کەسەی وەکیلە پێشتر خۆی حەجی ئەنجامدابێت؛ بە بەڵگەی ئەم گێڕانەوەیە کە (أبو داود) لە (سنن)دا دەیگێڕێتەوە لە عبد اللهی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خودایان لێبێت- دەڵێت:

«سمع رجلا يقول: لبيك عن شبرمة، قال: "من شبرمة؟ " قال: أخ لي، أو قريب لي، قال: "حججت عن نفسك؟ " قال: لا، قال: حج عن نفسك، ثم حج عن شبرمة»

«پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پیاوێکی بیست دەیووت: (لبيك) لە جیاتی شوبرومە، فەرمووی: ئایا بۆ خۆت حەجت کردووە؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، فەرمووی: بۆ خۆت حەج بکە، ئینجا بۆ شوبرومە». [(ابن ماجه) گێڕاویەتیەوە، وبەیهەقی دەڵێت: ئەم ئیسنادە سەحیحە، لەم بابەتەدا لەم گێڕانەوەیە سەحیحتری تێدا نییە].

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 53)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە مرۆڤ یەك جار حەج بکات؛ وتێیدا حەج دەکات بۆ دایکی وباوکی وخۆی؟

ج: وەکیل لە حەج کردندا بۆ کەسی مردوو یان بۆ کەسێك ناتوانێت خۆی حەج بکات؛ ڕێگەپێدراوە، ونابێت مرۆڤ لە یەك ساڵدا حەج بکات نیەتی بۆ دوو کەس بێت، یەك حەجکردن تەنها بۆ یەك کەسە، هەروەها عومرەیش، بەڵام ئەگەر حەج بۆ کەسێك بکات وعومرە بۆ یەکێکی تر بکات لە یەك ساڵدا؛ ئەمە ڕێگەپێدراوە ئەگەر حاجیەکە پێشتر حەج وعومرەی بۆ خۆی ئەنجامدا بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 57)

***

پ: حوكمی ئەو كەسە چییە كە گەشت دەكات بۆ حەج ونیەتی عومرە كردن دەهێنێت بۆ دایكی ونیەتی حەج كردن دەهێنێت بۆ باوكی، ولە ساڵی دواتر بە پێچەوانەوە حەج بۆ دایكی دەكات وعومرە بۆ باوكی دەكات، ئایا ئەمە ڕێگەپێدراوە یان نا؟

ج: حەج وعومرە ڕێوڕەسمەكانیان سەربەخۆ وجیاوازن، پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- چۆنیەتی ئەنجامدانیانی ڕوون كردۆتەوە بە (قارین)*ی یان بە (ئیفراد)** یان تەمەتوع^ بە عومرە بۆ ئەنجامدانی حەج، بۆ نمونە هەركەسێك بیەوێت ئیحرام ببەستێت بۆ ئەنجامدانی عومرە بۆ دایكی ودوای كۆتاییهاتنی عومرەكە؛ ئیحرام ببەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج بۆ باوكی، یان بە پێچەوانەوە ئەمە ڕێگەپێدراوە، وئەگەر ئیحرام ببەستێت بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەكانی یەكێكیان (حەج یان عومرە) بۆ خۆی، وپاش كۆتاییهاتنی ئیحرامێكی تر ببەستێت بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەكانی ئەوی تریان بۆ نمونە بۆ باوكی؛ ڕێگەپێدراوە، چونكە كردەوەكان لەسەر نیەتەكان بنیات نراون، وپاداشت لەسەر كردەوەكان بە پێی نیەتەكانە. *(قارین: واتا عومرە بكات لەكاتی حەج كردندا وهەردووكیانی پێكەوە ئەنجام بدات)، **(موفرید: واتا تەنها حەج ئەنجام دەدات)،

٨(تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەکانی حەجدا)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 58)

***

پ: مێردەکەم وەفاتی کردووە ڕەحمەتی خودای لێبێت، وبە ئیزنی الله دەمەوێت کەسێك بکەم بە وەکیل بۆ ئەوەی حەجی بۆ ئەنجام بدات لە ئەمساڵدا، ئایا دروستە ئەو کەسەی حەجی بۆ دەکات بڕێك پارەی پێبدرێت وەکو کرێ بێجگە لەو پارەیەی وەریدەگرێت بۆ کرێی هاتوچۆو وخواردن وخواردنەوە، یان نا؟ فەتوانمان بۆ بدەن لەمبارەیەوە خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە.

ج: ئەو کەسەی کراوە بە وەکیل بۆ ئەنجامدانی حەج بۆ کەسێکی تر؛ ئەو کرێیەی پێیدەرێت بەرامبەر ئەنجامدانی ئەو حەجە ڕێگەپێدراوە وەریبگرێت، ئەگەرچیش زیاتر بێت لە خەرجی هاتوچۆو وخواردن وخواردنەوە وهتد لەو شتانەی پێویستە بۆ ئەنجامدانی حەج، وڕێگەپێدراوە مەبەستی لەم کارە بەشداریکردن بێت لە خێر وچاکە وجێبەجێکردنی ئەوەی خودا ئاسانی کردووە بۆی لە پەرستنەکان لە حەرەمی پیرۆزدا، ونابێت تەنها مەبەستی پارەکە بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 60)

***

پ: حەجمان کرد ومنداڵێکی بچووکمان لەگەڵدا بوو ونیەتمان بۆی گرێدا کە وەکو نوێنەرایەتی -بریکاری- ئافرەتێك حەج ئەنجام بدات، تەوافمان کرد ورێورەسمەکانمان تەواو کرد وفیدیەمان بۆی دا لە نوێنەرایەتی -لە جیاتی- ئافرەتە مردووەکە، ئایا حوکمی ئەم مەسەلە چیە؟

ج: ئەوەی منداڵەکە بچووکەکە جێبەجێی کردووە وەکو کردەوەی سوننەت بۆی حسێب دەکرێت، ونابێت حەج بۆ کەسێکی تر ئەنجام بدات هەتاوەکو حەج بۆ خۆی ئەنجام دەدات، وئەم حەجکردنەی شوێنی حەجی فەرز ناگرێتەوە هەتاوەکو باڵغ دەبێت.

[فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 68)؛ بە گۆڕانکاریەکی کەمەوە]

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە مرۆڤ دایك وباوکی بنێرێت بۆ حەج پێش ئەوەی خۆی بڕوات بۆ حەج؟

ج: حەج فەرزە لەسەر هەموو مسوڵمانێکی باڵغ وئازاد وئاقڵ کە بتوانێت ئەنجامی بدات، یەك جار لە تەمەندا، وچاکەکاری بەرامبەر دایك وباوك ویارمەتیدانیان بۆ جێبەجێکردنی واجبەکان؛ کارێکی ڕێگەپێدراوە بە پێی توانا،

بەڵام دەبێت سەرەتا بۆ خۆت حەج بکەیت، پاشان یارمەتی دایك وباوكت بدەیت ئەگەر حەج كردنی هەمووتان پێكەوە ئاسان نەبوو، وئەگەر دایك وباوكت بخەیتە پێش خۆت وئەوان سەرەتا بڕۆن ئەوا حەج كردنەكەیان دروستە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 70)

***

پ: دایكێكم هەیە وبەتەمەنە وتەمەنی لە سەد ساڵ كەمتر نابێت، وناتوانێت فەریزەی حەج ئەنجام بدات، حەج وعومرەم بۆ كردووە لە ساڵی پێشوو لەسەر حسێبی خۆی، وهەندێك خەڵك دەڵێن: حەج كردنەكە دروست نییە هەتاوەكو وەفات دەكات، وئەم حەج كردنەت هیچ سوودێكی نییە، ئایا وەڵامی بەڕێزتان چییە؟

ج: ئەگەر دایك نەتوانێت بە خودی خۆی ئەنجامیان بدات ئەوا حەج وعومرە كردنەكەت بۆی دروستە، بەمەرجێك پێشتر واجبی حەج وعومرەت بۆ خۆت ئەنجام دابێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 71)

***

پ: ئەو شتانە چین كە نوێنەرایەتی یان بریكاری تێیاندا ڕێگەپێدراوە لە ڕێوڕەسمەكانی حەجدا، وكەی ڕێگەپێدراوە حەج بكەیت بۆ كەسێكی تر؟

ج: حەج وعومرە کردن بۆ مردووی مسوڵمان؛ ڕێگەپێدراوە، هەروەها ڕێگەپێدراوە ئەنجام بدرێن بۆ مسوڵمانێك کە نەتوانێت بە خودی خۆی ئەنجامیان بدات؛ بەهۆی بەتەمەنی یان نەخۆشیەك هیوا نەبێت بە چاکبوونەوەی، ونوێنەرایەتی ڕێگەپێدراوە لە کاتی هاویشتنی بەردەکان بۆ کەسێك نەتوانێت ڕاستەوخۆ خۆی بەردەکان بهاوێژێت؛ بۆ نمونە وەکو منداڵ ونەخۆش وبەتەمەن، بەمەرجێك ئەو کەسەی بەردەکان دەهاوێژێت لە حاجیەکانی ئەو ساڵە بێت وپێشتر بۆ خودی خۆی بەردەکانی هاویشتبێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 76)

***

پ: مسوڵمانێك لە وڵاتێك مرد کە وڵاتی سعودیە نەبوو، وحەجی ئەنجام نەدابوو، بۆ زانیاری حەج لەسەری واجب بوو، ئایا ڕێگەپێدراوە لە سعودیەوە حەجی بۆ بکەم؟ لەکاتێکدا من لەوێ نیشتەجێم، وئایا جیاوازی هەیە لە پاداشتی حەج بۆ کەسێك لە وڵاتێکی دوور یان نزیکەوە بێت بۆ حەج؟

ج: ڕێگەپێدراوە لە سعودیەوە حەج بکەیت بۆ هەر مسوڵمانێك کە لە وڵاتەکەی خۆی یان لە هەر وڵاتێکی تر مردبێت، ئەگەر پێشتووتر حەجی کردبێت یان حەجی نەکردبێت، وهیچ بەڵگەیەك نییە سەبارەت بە جیاوازی

پاداشت لەسەر دووری شوێنەکە، بەڵکو پاداشت بە پێی دڵسۆزی وخەرجی وماندووبوون وپێکاندنی فەرمانە شەرعیەکانە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 77)

***

پ: پیاوێك بە کرێ حەج بکات بۆ مردوویەك: پیاو یان ئافرەت بێت، یان بۆ بێ توانایەك بێت کە ناتوانێت حەج بکات بەهۆی بەتەمەنی یان بەهۆی نەخۆشیەك کە هیوای چاکبوونەوەی نەبێت، ئایا ئەم کەسە خودای گەورە پاداشتی پێدەبەخشێت؟

ج: هەرکەسێك حەج یان عومرە بکات بۆ کەسێکی تر بە کرێ بێت یان بێ کرێ ئەوا پاداشتی حەج وعومرە بۆ ئەو کەسەیە کە نوێنەرایەتی بۆ دەکات، هەروەها هیوا هەیە بەوەی پاداشتی مەزن ببەخشرێت بە ئەم کەسەیش بە پێی دڵسۆزی وهیوای لەسەر خێر وچاکە، وهەرکەسێك بگاتە مزگەوتی حەرام وپەرستن وکردەوە سونەتەکانی زۆر تێدا ئەنجام بدات ئەوا هیوا هەیە بەوە خێر وپاداشتی زۆری پێببەخشرێت ئەگەر کردەوەکانی بە دڵسۆزی بۆ اللە بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 77)

***

پ: کەسێك لە ئەفریقیا نیشتەجێیە ودەیەوێت کەسێك دیاری بکات بۆئەوەی حەج ئەنجام بدات بۆ دایکی، ئایا کرێی ئەو حاجیەی پێبدات کە لە ئەفریقیاوە دێت بۆ مەککەی پیرۆز، وئایا دەتوانێت لە کرێکەی کەم بکاتەوە؟

ج: ڕێگەپێدراوە بۆ کەسی باسکراو مسوڵمانێکی متمانەپێکراو دەستنیشان بکات لە مەککە نیشتەجێ بێت یان لە هەرشوێنێکی تر بۆئەوەی حەج ئەنجام بدات بۆ دایکی، ئەگەر دایکی مردوو یان بێ توانا بێت لە ئاست ئەنجامدانی حەج بە خودی خۆی؛ بەهۆی بەتەمەنی یان بەهۆی نەخۆشییەك کە هیوای چاکبوونەوەی نەبێت، بە کرێیەکی کەم یان زۆر بێت، یان بە بێ کرێ بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 80)

***

پ: باوکم وەفاتی کرد وفەریزەی حەجی ئەنجام نەدا، وتێگەیشتم کە واجبە لەسەرم حەجی بۆ ئەنجام بدەم، ولەگەڵ کەسێك ڕێککەوتم بۆئەوەی حەجی بۆ ئەنجام بدات، بەڵام کاتێك پرسیاری کرد سەبارەت بە ناوی باوکم وناوی دایکی باوکم کە وەفاتی کردووە ناویمان نەزانی، ئایا تەنها ناوی مردووەکە بەسە وپێویست ناکات ناوی دایکی بزانرێت؟

ج: حەج کردن بۆ کەسێکی تر تەنها نیەت هێنان تێیدا بەسە، وداوا کراو نییە ناوی ئەو کەسە بهێنرێت کە حەجی بۆ

دەكرێت، هەروەها داواكراو نییە نە ناوی خۆی ونە ناوی باوكی ونە ناوی دایكی بهێنرێت، وئەگەر ناوی بهێنرێت لە سەرەتای ئیحرام یان لە كاتی تەلبیە یان لە كاتی سەربڕینی قوربانی لە تەمەتوع ئەگەر بە تەمەتوع* حەج بكات یان بە قارین**؛ ئەمە شتێكی باشە، چونكە (أبو داود وابن ماجە) دەیگێڕنەوە، و(ابن حبان) بە سەحیحی داناوە لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خودای لێبێت- دەڵێت:

«أن النبي صلى الله عليه وسلم سمع رجلا يقول: لبيك عن شبرمة، قال: "من شبرمة؟ " قال: أخ لي أو قريب لي، قال: "حججت عن نفسك؟ " قال: لا، قال: "حج عن نفسك ثم حج عن شبرمة»

«پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پیاوێكی بیست دەیووت: (لبيك) لە جیاتی شوبرومە، فەرمووی: ئایا بۆ خۆت حەجت كردووە؟ پیاوەكە ووتی: نەخێر، فەرمووی: بۆ خۆت حەج بكە، ئینجا بۆ شوبرومە». *(تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەكانی حەجدا)، **(قارین: واتا عومرە بكات لەكاتی حەج كردندا وهەردووكیانی پێكەوە ئەنجام بدات).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 81)

***

پ: كەسێک تەمەنی 25 ساڵە، وەفاتی كرد وحەجی ئەنجام نەدابوو، ئایا ڕێگەپێدراوە حەجی بۆ بكەم، ئایا تەنها حەج

کردن بۆی بەسە بە بێ ئەنجامدانی عومرە بۆی هەرچەندە خۆیشی پارەی هەبووە؟

ج: هەرکەسێك حەجی لەسەر واجب بێت وبمرێت پێش ئەوەی حەج بکات، ئەوا لە هەموو پارەکەی هێندەی خەرجی حەج وعومرە کردنی بۆ دەردەهێنرێت، ورێگەپێدراوە کەسێك حەجی بۆ بکات بە بێ ئەوەی لە پارەکەی دەربهێنرێت بۆ خەرجی حەج؛ ئەگەر کەسێك هەبوو خۆبەخشانە ئەنجامی بدات، بەڵام حەجی ناسراو پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام، وبە مردن واجبێتی حەج لەسەر مسوڵمان لاناچێت، وئیمامی (البخاري) ڕەحمەتی خودای لێبێت لە سەحیحەکەیدا دەیگێڕێتەوە:

«أن امرأة من جهينة جاءت إلى النبي صلى الله عليه وسلم فقالت: إن أمي نذرت أن تحج فلم تحج حتى ماتت، أفأحج عنها؟ قال: "نعم، حجي عنها، أرأيت لو كان على أمك دين أكنت قاضيته؟ اقضوا الله، فالله أحق بالوفاء»

«ئافرەتێك لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی: دایکم نەزری کرد حەج ئەنجام بدات بەڵام مرد وحەجی ئەنجام نەدا، ئایا حەجی بۆ بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ، حەجی بۆ بکە، ئەگەر دایکت قەرزی لەسەر بووایە دەتدایەوە بۆی؟ مافەکانی الله جێبەجێ بکەن، خودای گەورە شایستەترە بەوەی مافەکانی جێبەجێ بکرێت».

«وسألته صلى الله عليه وسلم امرأة من خثعم قائلة: يا رسول الله إن فريضة الله على عباده في الحج أدركت أبي شيخا كبيرا لا يثبت على الراحلة، أفأحج عنه؟ قال: حجي عن أبيك»

«وئافرەتێك لە هۆزی خەسعەمەوە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، فەریزەی حەج كە خوای گەورە فەرزی كردووە لەسەر بەندەكانی واجب بوو لەسەر باوكم لەكاتێكدا ئەو تەمەنی گەورەیە وناتوانێت لەسەر سواری جێگیر بێت، ئایا حەجی بۆ بكەم؟ فەرمووی: حەج بكە بۆ باوكت». سەبارەت بە عومرە پێنج لە گێڕەرەوەكانی فەرموودە دەیگێڕێنەوە:

«أبي رزين العقيلي، أنه أتى النبي صلى الله عليه وسلم فقال: إن أبي شيخ كبير لا يستطيع الحج ولا العمرة ولا الظعن، فقال: حج عن أبيك واعتمر» .

«ئەبو رەزینی عوقەیلی دەڵێت: هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: باوكم پیاوێكی بەتەمەنە وناتوانێت حەج وعومرە وگەشت بكات، فەرمووی: حەج وعومرە بكە بۆ باوكت».

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 87)

***

پ: ئایا رێگەپێدراوە ئافرەتی مسوڵمان حەجی فەرز ئەنجام بدات لەگەڵ كۆمەڵێك ئافرەتی متمانەپێكراو، ئەگەر نەیتوانی كەسێك لە ئەندامەكانی خێزانەكەی لەگەڵ خۆی ببات، یان

باوکی مردووە؟ ئایا ڕێگەپێدراوە دایکی یان پوری لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ئەنجامدانی ئەم فەریزەیە، یان هەرکەسێکی تر کە هەڵیدەبژێرێت بۆئەوەی ببێتە مەحرەمی لە کاتی حەجدا؟

ج: دروست ئەوەیە کە ڕێگەپێدراو نییە بۆی گەشتی حەج بکات مەگەر لەگەڵ مێردەکەی یان لەگەڵ مەحرەمێکی بێت لە پیاوان، بۆیە ڕێگەپێدراو نییە گەشت بکات لەگەڵ ئافرەتی متمانەپێکراو یان لەگەڵ پیاوی متمانەپێکراوی نامەحرەم یان لەگەڵ پوری ودایکی، بەڵکو دەبێت مێردەکەی لەگەڵدا بێت یان مەحرەمێکی لە پیاوان، لەم حاڵەتەدا ئەگەر کەسێك نەبوو لەگەڵیدا بڕوات ئەوا حەجی لەسەر واجب نییە؛ بەهۆی نەبوونی مەرجی تواناداری، خودای گەورە دەفەرمووێت:

{ولله على الناس حج البيت من استطاع إليه سبيلا}

﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ واتە: ﴿خودای گەورەیش بڕیاریداوە لەسەر خەڵکی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بکەن بە تەنها ئەوانەی کە توانای (دارایی و تەندروستیان) هەیە﴾

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 91)

***

پ: ئایا حەج کردن لەسەر ئافرەت واجبە ئەگەر مێرد ومەحرەمی نەبێت، لەکاتێکدا دەتوانێت ولە ماوەی چاوەڕوانیدایە (پاش مردنی مێردەکەی)؟

ج: حەج کردن لەسەر ئافرەت واجب نییە ئەگەر مەحرەمێکی نەبێت لەگەڵیدا گەشت بکات، ونابێت ئافرەت گەشت بکات بۆ حەج کردن لەکاتێکدا لە ماوەی چاوەڕوانیدایە پاش مردنی مێردەکەی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 94)

***

پ: ئافرەتێك حەجی فەرزی کرد بە بێ مەحرەم لەگەڵ چەند هاوگەشتێکی چاك لە ئافرەتان، ئایا فەریزەی حەجی لەسەر لاچووە یان نەخێر؟

ج: ئەگەر حاڵەتەکە بەو شێوەیە بێت کە باستکرد ئەوا حەجەکەی دروستە وفەریزەی حەجی لەسەر لاچووە، بەڵام گوناهبارە بەهۆی گەشتکردنی بە بێ بوونی مەحرەم، ودەبێت تەوبە بکات وبگەڕێتەوە وداوای لێخۆشبوون لە اللە بکات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 97)

***

پ: پیاوێك مرد وفەریزەی حەجی ئەنجام نەدابوو، و وەسیەتی کرد بەوەی حەجی بۆ بکرێت لە پارەی خۆی

وپرسیار دەکرێت سەبارەت بە دروستی ئەم حەج کردنە، وئایا حەج کردنی کەسێك بۆت وەکو حەج کردنی خۆت وایە؟

ج: ئەگەر مسوڵمان بمرێت وفەریزەی حەجی ئەنجام نەدابێت لەکاتێکدا مەرجەکانی واجب بوونی حەجی تێدا بێت؛ ئەوا واجبە حەجی بۆ بکرێت لە پارەی خۆی کە بە جێی هێشتووە ئینجا وەسیەتی کردبێت یان نەیکردبێت، وئەگەر کەسێکی تر حەجی بۆ بکات لەوانەی حەج کردنیان دروستە وپێشتر فەریزەی حەجی بۆ خۆی ئەنجام داوە؛ ئەوا حەج کردنەکەی بۆ ئەو کەسە دروستە وفەریزەی حەجی لەسەر لاچووە، سەبارەت بەوەی ئایا حەج کردنی کەسی یەکەم بۆ کەسی دووەم وەکو حەج کردنی کەسی دووەم وایە بۆ خۆی یان فەزڵ وپاداشتی کەمترە یان زیاترە؟ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ الله -سبحانە وتعالی-، وبێگومان واجبە دەستبەجێ حەج بکات ئەگەر بتوانێت پێش ئەوەی بمرێت؛ ئەمیش بە ئاماژەی بەڵگە شەرعیەکان لەسەر ئەم بابەتە، وئەو کەسەی بە ئەنقەست دوایدەخات ترسی گوناهباربوونی لەسەرە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 100)

***

پ: ئەگەر پیاوێك تووشی هەندێك مشتومڕ بێت لەگەڵ هاوڕێكانی لە كاتی حەجدا؛ ئایا حەج كردنەكەی دروستە ولەسەری لاچووە ئەگەرچیش حەجی فەرز بێت؟

ج: حەج كردنەكەی دروستە، وحەجی فەرزی لەسەر لاچووە، بەڵام پاداشتی كەم دەبێتەوە بە پێی ئەو مشتومڕە سەرزەنشتكراوەی تووشی بووە لە كاتی حەجدا، ودەبێت تەوبە بكات؛ چونكە خودای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرمووێت:

{وتوبوا إلى الله جميعا أيه المؤمنون لعلكم تفلحون}

﴿وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ واتە: ﴿هەمووتان تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا ئەی ئیماندارەكان تا ڕزگار و سەركەوتوو بن﴾

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 112)

***

فەتواكان سەبارەت بە میقاتەكان وئیحرام

پ: ئایا ئیحرام بەستن لە جەددەوە ڕێگەپێدراوە؟

ج: جەددە میقات* نییە بۆ حەج یان عومرە مەگەر بۆ نیشتەجێبووانی یان بۆ ئەوانە نەبێت كە لەوێ دەمێننەوە، هەروەها بۆ ئەوانەیشی دەگەن بە ئەوێ بۆ پێویستیەك وپێداگیر نین لەسەر ئەنجامدانی حەج یان عومرە، دواتر بڕیار

دەدەن حەج یان عومرە ئەنجام بدەن. بەڵام ئەو کەسەی میقات هەبێت لە پێشیدا وەکو (زی ئەلحولەیفە:ذي الحليفة) بۆ خەڵکی مەدینەوە وبەرەو ژوور وبۆ ئەوانەی لەو ئاراستەیەوە تێپەڕ دەبن لەسەر وشکانی یان بە ئاسمانەوە، ومیقاتی (الجحفة:ئەلجوحفە) بۆ نیشتەجێبووانی وبۆ ئەوانەی لەو ئاراستەیەوە تێپەڕ دەبن لەسەر وشکانی یان بە ئاسمانەوە، ومیقاتی (یەلەملەم:يلملم) ومیقاتەکانی تریش بەهەمان شێوە، واجبە لە میقاتەکەیەوە نیەت بهێنێت بۆ ئیحرام بەستن یان لە ئاراستەی هاوتەریبی میقاتەکەوە بۆ ئەوانەی تێپەڕ دەبن بەسەریدا لەسەر وشکانی یان بە ئاسمانەوە. *(میقات: واتا شوێنی هێنانی نیەت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 130)

***

پ: ئەگەر حاجی ئیحرامی بەست و ویستی بۆن لە خۆی بدات، ئایا پێش خۆشۆردن یان پاش خۆشۆردن بۆ ئیحرام بۆن لە خۆی بدات؟

ج: ئەو کەسەی دەیەوێت ڕێوڕەسمەکانی حەج وعومرە جێبەجێ بکات ودەیەوێت بۆن لە خۆی بدات لە کاتی ئیحرام بەستن وپێش تەلبیە بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرەدا؛ ئەمە

ڕێگەپێدراوە، وباشتر وایە لە پاش خۆشۆردن بێت، چونکە عائیشە -ڕەزای خودای لێبێت- دەڵێت:

«كنت أطيب رسول الله صلى الله عليه وسلم لإحرامه قبل أن يحرم، ولحله قبل أن يطوف بالبيت»

«بۆنم دەدا لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئیحرامەکەی پێش ئەوەی نیەتی ئیحرام بهێنێت، ولە کۆتایي ئیحرامەکەی* پێش ئەوەی تەواف بکات بە دەوری کەعبەدا». *(کۆتايي ئیحرامەکەی: مەبەستی لێ کۆتايي یەکەمە -تەحەلولی یەکەمە- لە حەجدا پاش هاویشتنی بەردەکانی -جەمرەتی عەقەبە- وقژ تاشین، واتا پێش تەوافی ئیفازە) [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە]

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 168)

***

پ: بۆچی خودای گەورە پۆشینی جلی دوراوی حەرام کردووە لەسەر حاجیەکان، وحیکمەت لەمەدا چییە؟

ج: یەکەم: خودای گەورە حەجی فەرز کردووە لەسەر ئەوانەی دەتوانن ئەنجامی بدەن لە موکەلەفەکان، یەك جار لە تەمەندا، وکردوویەتی بە پایەیەك لە پایەکانی ئیسلام، لە شتە زانراوە گرنگەکانە لە ئایندا، دەبێت مسوڵمان ئەوەی الله لەسەری فەرزی کردووە جێبەجێ بکات؛ لە پێناو

ڕەزامەندی خودای گەورە وجێبەجێکردنی فەرمانی، وبە هیوای پاداشتی بێت ولە سزای بترسێت، لەگەڵ متمانە بوون بەوەی الله -سبحانە وتعالی- دانایە لە شەریعەت دانانیدا ولە هەموو کردەوەکانیدا، وبە ڕەحمە بەرامبەر بە بەندەکانی، وشتێکیان بۆ دادەنێت لە شەریعەتدا کە بەرژەوەندی ئەوانی تێدا بێت وسوودی بۆیان هەبێت لە دونیا وقیامەتدا، شەریعەت دانان لە ژێر فەرمانی پەروەردگارمانە کە پادشا ودانایە -سبحانە وتعالی-، وبەندە دەبێت گوێڕایەڵ وملکەچ بێت.

دووەم: لە شەریعەتدا جلی دوراو لەبەر ناکرێت لە کاتی حەج وعومرەدا؛ بەهۆی چەند حیکمەتێکەوە لەوانەیش: بیرکردنەوە لە حاڵی خەڵکی لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا؛ خەڵکی زیندوو دەکرێنەوە بە پێی پەتی وڕووتی پاشان دادەپۆشرێن، وبە بیرداهێنانەوەی حاڵەتەکانی ڕۆژی قیامەت چەند ئامۆژگاری وپەندێکی تێدایە، لەوانەیش: ملکەچکردنی نەفس، وناچارکردنی لەسەر سادەیی، وپاککردنەوەی لە پیسی خۆبەگەورەزانین، هەروەها بە هۆشدا هێنانەوەی نەفسە سەبارەت بە بنەماکانی نزیکبوونەوە ویەکسانی وزوهد، ودوورکەوتنەوە لە ڕابواردنی سەرزەنشتکراو، ودڵدانەوەی هەژار وپێویستەکانە..وهتد لە مەبەستەکانی حەج بەو

شێوەیەی خودای گەورە لە شەریعەتدا بڕیاری لەسەر داوە وپێغەمبەرەکەی ڕوونی کردووەتەوە -صلى الله عليه وسلم-.
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 179)

***

پ: بۆچی حاجی ئەو جۆرە جلانە دەپۆشێت لە کاتی حەج کردندا؟

ج: خودای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردووین بەوەی پوشاکی ئیحرام بپۆشین لە کاتی حەج وعومرەدا بەهۆی حیکمەتێک کە پەروەردگار خۆی دەیزانێت، بۆیە واجبە لەسەرمان گوێڕایەڵ بین وجێبەجێی بکەین؛ وبە هیوای پاداشت بین، ئینجا دانایی لە پۆشینی ئەم جۆرە جلە بزانین یان نەیزانین، ولەو داناییانەی زانایان باسیان کردووە: بیرکردنەوە لە حاڵی خەڵکی لە ڕۆژی کۆکردنەوە ولێپرسینەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، وبە هۆشدا هێنانەوەی حاجیە سەبارەت بە سادەیی ویەکسانی نێوان دەوڵەمەند وهەژار، داواکارین خوای گەورە ئێمە وئێوەیش سەرکەوتوو وجێگیر بکات لەسەر هەق هەتاوەکو پێی دەگەین.
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 171)

***

پ: حوکمی حەج کردنی ئافرەت لەسوڕی مانگانەدابێت چییە؟

: سووڕی مانگانە ڕێگر نییە لە ئەنجامدانی حەج، ئەوەی نیەتی ئیحرام دەهێنێت ولە سووڕی مانگانەدایە کردەوەکانی حەج جێبەجێ دەکات، جگە لەوە نەبێت کە تەواف ناکات بە دەوری کەعبەدا هەتاوەکو سووڕی مانگانەکەی دەپچڕێت وخۆی دەشوات، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەتی زەیستانی، ئەگەر پایەکانی حەج جێبەجێ بکات؛ حەج کردنەکەی دروستە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 172)

***

پ: ئافرەتێك لێرەوە لە نێو سعودیە چوو بۆ ئەنجامدانی حەج پاشان تووشی سووڕی مانگانە بوو پێش تەوافی گەیشتن، ئایا حوکمی ئەم ئافرەتە چییە؟ وئایا دەتوانێت بڕوات بۆ عەرەفە لە ماوەی سووڕی مانگانە وحوکمی ئەمە چییە؟

ج: لە حاڵەتی ئیحرامدا دەمێنێتەوە، هەموو کردەوەکان ئەنجام دەدات هەروەکو هەموو حاجیەکان جگە لەوە نەبێت کە تەواف ناکات بە دەوری کەعبە، هەتاوەکو پاك دەبێتەوە وخوێنی سووڕی مانگانەکە دەپچڕێت وخۆی دەشوات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 173)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە بۆ پیاو دابنیشێت ونینۆکەکانی ببڕێت لە کاتی ئیحرام بەستن لە میقاتدا، یان ئەمە ڕێگەپێدراو نییە بۆی مەگەر پاش سەربڕینی قوربانیەکە نەبێت؟

ج: ئەگەر ئەو کارە بکات لە پێش ئیحرام؛ ئاساییە وهیچی تێدا نییە، مەگەر بیەوێت قوربانی بکات ولە نێو مانگی (ذي الحجة) بێت؛ لەم حاڵەتەدا ڕێگەپێدراو نییە چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەم کارە، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکات لە پاش ئیحرام واتا لە پاش هێنانی نیەتی ئیحرام بەستنەوە؛ ئەوا بە هیچ شێوەیەك ڕێگەپێدراو نییە، چونکە موحریم* بۆی نییە نینۆکەکانی ببڕێت یان شتێك لە مووی لاشەی بکاتەوە هەتاوەکو تەواف وسەعی عومرە تەواو دەکات، وکۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت بە قژ تاشین یان کورتکردنەوەی، بە هەمان شێوە لە حەجدا ئەگەر بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە)ی فڕێدا، ڕێگەپێدراوە بۆی قژی بتاشێت یان کورتی بکاتەوە، وتاشینی باشترە، پاشان کۆتایی دەهێنێت بە ئیحرامەکەی ئینجا ئەگەر پێش سەربڕینی قوربانیەکە بێت یان لە پاشی، وئەگەر لە پاش سەربڕینی قوربانیەکە بێت باشترە ئەگەر بۆی ئاسان بوو.

*(موحریم: واتا ئەو كەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 178)

***

پ: باوكم ساڵی پار حەجی ئەنجامدا، وزۆر نەخۆش بوو بەڵام نەیتوانی جلی ئیحرام بپۆشێت، ئایا چی لەسەر واجبە؟

ج: ئەگەر حاجی ئیحرام ببەستێت بە جلەكانی خۆی بەهۆی پێویستیەك وەكو سەرما یان نەخۆشی وهاوشێوەكانیان؛ ڕوخسەتی پێدراوە لە شەریعەتدا، وبەهۆی پۆشینی جلی دوراو ئەوا واجبە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، یان خواردن ببەخشێت بە شەش هەژار؛ بۆ هەر هەژارێك نیو ساع (دوو گوێل) لە خواردنی ئەو وڵاتە، یان سەربڕینی حەیوانێک، هەروەها هەمان حوكمی هەیە ئەگەر سەری داپۆشێت، ڕۆژووگرتنەكە لە هەموو شوێنێك دەبێت، بەڵام خواردن بەخشین وسەربڕینی حەیوان دەبێت لە حەرەمی مەككەی پیرۆز بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 180)

***

پ: دەمەوێت حەج ئەنجام بدەم بە ویستی الله وكێشەكەم ئەمەیە: پیاوێكم كەچەڵم وقژ بە سەرمەوە نییە، وپێستم زۆر

هەستیارە، وتیشکی خۆر بدات لە لاشەم کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستیم ودەبێتە هۆی هەوکردنێکی توند لە پێستی سەرمدا، ودەمارەکانی سەر وڕووم بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەون، هەروەکو دەزانیت لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام بریتیە لە داپۆشینی سەر، هیوادارم بەڕێزتان فەتوام بۆ بدەن لەسەر ئەم حاڵەتە، بۆ زانیاری من پیاوێکم باڵام کورتە وناتوانم چەتر هەڵبگرم؛ چونکە کەسانی دەوروبەرم بێزاردەکەن، خودای گەورە چاودێرتان بێت وڕێنموێنیان بکات لە هەنگاوەکانتان.

ج: ئەگەر بابەتەکە بەو شێوەیە بێت کە باسکرا ئەوا سەرت دادەپۆشی لە کاتێکدا موحریمت*، وفیدیە دەدەیت بە سەربڕینی حەیوانێک وگۆشتەکەی دەبەخشیت بە هەژارەکانی مەککە، یان خواردن دەبەخشیت بە شەش هەژار؛ بۆ هەر هەژارێك نیو ساع (دوو گوێل) لە خورما یان لە خواردنەکانی وڵات، یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبیت. ئەمە سەبارەت بە ئیحرامی حەج کردن، هەروەها ئەگەر نیەتی ئیحرامت هێنا بێت بۆ ئەنجامدانی عومرە ئەوا فیدیەیەکی ترت لەسەرە. *(موحریم: واتا ئەو کەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 181)

***

پ: حاجیەك تووشی شتێکی قەدەغەکراو بوو، ئەویش بریتیە لە ماچکردنی خێزانەکەی ودەرچوونی مەنی بە شەهوەتەوە؛ لە پاش فڕێدانی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە) وقژ تاشین وپێش تەوافی ئیفازە، لەکاتێکدا خێزانەکەی حاجی نییە، فتوامان بۆ بدەن خودا پاداشتتان بداتەوە.

ج: ئەگەر مسوڵمان ئیحرامی بەستبێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە یان بۆ هەردووکیان ڕێگەپێدراو نییە بۆی خۆی تووشی شتێك بکات کە ئیحرامەکەی پوچەڵ دەکاتەوە، یان لە پاداشتی کردەوەکانی کەم دەکاتەوە، وماچکردن حەرامە لەسەر ئەو کەسەی ئیحرامی بەستووە بۆ ئەنجامدانی حەج هەتاوەکو بە تەواوی کۆتایی دەهێنێت بە هەموو ڕێوڕەسمەکان، ئەمیش بە هاویشتنی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە)، وقژ تاشین یان کورتکردنەوەی وتەوافی ئیفازە وسەعی ئەگەر سەعی لەسەر بوو؛ چونکە هێشتا لە حوکمی ئیحرامدایە کە نزیکبوونەوە لە ئافرەت حەرامکراوە لەسەری، وئەوەی ماچی خێزانەکەی بکات ومەنی دابەزێت پاش کۆتایهێنانی -تەحەلولی- یەکەم؛ ئەمە حەج پوچەڵ ناکاتەوە، ودەبێت داوای لێخۆشبوون لە اللہ بکات ونەگەڕێتەوە بۆ ئەم کردەوەیە، وقەرەبووی بکاتەوە بە سەربڕینی حەیوانێک ودابەشی بکات بە سەر هەژارەکانی حەرەمی مەککەدا، وواجبە دەستبەجێ ئەم کردەوەیە بکات بە پێی توانا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 188)

***

پ: فەریزەی حەجم ئەنجامدا، وشەوێکیان کاتێك لە مینا بووم خەوتم وتوشی لەش گرانی بووم ونەمتوانی خۆم بشۆم، ئایا هیچم لەسەرە؟

ج: لەشگران بوون دەرهەق بە ئەو کەسەی لە حاڵەتی ئیحرامدایە بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە؛ ئەمە کاریگەری نابێت لەسەر حەج وعومرەکەی، بۆیە پوچەڵ نابنەوە، وئەوەی لەشگرانە دەبێت خۆی بشوات بە خۆشۆردنی لابردنی لەشگرانی؛ ئەگەر مەنی بینی لە پاش هەستان لە خەو، وفیدیەت لەسەر نییە؛ چونکە لەشگرانی بە بژاردەی خۆت نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 188)

***

پ: ئایا کۆترەکانی مەککە ومەدینە هیچ تایبەتمەندیەکیان هەیە؟

ج: کۆترەکانی مەککە ومەدینە هیچ تایبەتمەندیەکیان نییە، جگە لەوە نەبێت کە ڕاو ناکرێن ونابێت بترسێندرێن هەتاوەکو لە سنووری حەرەمدان؛ بەهۆی گشتگیری ئەم فەرموودەیە:

«إن الله حرم مكة، فلم تحل لأحد قبلي، ولا تحل لأحد بعدي، وإنما أحلت لي ساعة من نهار، لا يختلى خلاها، ولا يعضد شجرها، ولا ينفر صيدها»

«خودای گەورە مەککەی پیرۆز (بە حورمەتی) کردووە، وبۆ هیچ یەکێك حەڵاڵ نەبوو لە پێش من (کە جەنگی تێدا ئەنجام بدات)، وبۆ هیچ کەسێك لە پاش من حەڵاڵ نابێت، وبۆمن حەڵاڵ بۆ ساتێک، ونابێت گژوگیای هەڵبکەندرێت، ونابێت دارەکانی ببڕدرێتەوە، ونابێت (ئاژەڵە) ڕاودارەکانی بترسێندرێن». [فەرموودەکە (البخاري) گێڕاویەتیەوە].
وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«إن إبراهيم حرم مكة، وإني حرمت المدينة ما بين لابتيها، لا يقطع عضاهها، ولا يصاد صيدها»

«ئیبراهیم مەککەی پیرۆز (بە حورمەت) کرد، ومنیش مەدینەم پیرۆز (بە حورمەت) کرد لە نێوان هەردوو شاخەکەی، ونابێت دارەکانی ببڕدرێتەوە، ونابێت (ئاژەڵە) ڕاودارەکانی ڕاو بکرێن». [فەرموودەکە موسلیم گێڕاویەتەوە].
فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 202)

***

پ: ئایا داکەندنی جلەکانی ئیحرام ڕێگەپێدراوە لە پاش ئەنجامدانی عومرە؛ بۆ زانیاری من بە تەمەتوع حەج دەکەم؟

ج: ئەوەی بە تەمەتوع* حەج دەکات ڕێگەپێدراوە بۆی کۆتایي بە ئیحرامەکەی بهێنێت لە پاش ئەنجامدانی عومرە،

واتا پاش ڕێوڕەسمەکانی تەواف وسەعی وقژ تاشین یان کورتکردنەوەی، وجلە ئاساییەکانی دەپۆشێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵان کرد، ئەوانەیان کە قوربانیان نەهێنابوو لە حەجی ماڵئاوایی، پاشان ئیحرام دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج لە ڕۆژی هەشتەمدا. *(تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەکانی حەجدا)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 202)

***

پ: هیوادارم شتە ڕێگەپێدراوەکانم بۆ ڕوون بکەنەوە بۆ حاجی موتەمەتیع لە ماوەی کۆتاییهێنانی ئیحرام لە پاش ئەنجامدانی عومرە.

ج: ئەوەی ئیحرام دەبەستێت وبە موتەمەتیعی* حەج دەکات، پاشان ڕێوڕەسمەکانی عومرە جێبەجێ دەکات لە تەواف وسەعی وقژ تاشین یان کورتکردنەوەی؛ ئەوا عومرەکەی کۆتایی هاتووە وئەوەی لەسەری قەدەغە کرابوو بەهۆی ئیحرامەوە ڕێگەپێدراوە ئەنجامی بدات وەکو: قژ تاشین، وبڕینی نینۆك، وپۆشینی جلی دوراو، وداپۆشینی سەر، وبۆن لەخۆدان، وڕاو کردنی ئاژەڵ، وگرێبەستی هاوسەرگیری، وجووتبوون وپێشەکیەکانی. *(تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا

ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەکانی حەجدا)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 204)

***

پ: حوکمی تەلبیەی بە کۆمەڵ چییە بۆ حاجیەکان؟ یەکێکیان تەلبیە دەڵێت وئەوانی تریش لە دوایەوە بە یەك دەنگ دەیڵێنەوە.

ج: ئەمە ڕێگەپێدراو نییە، چونکە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وجێنشینە ڕێنموێنیکراوەکانەوە نەهاتووە کە ئەنجامیان دابێت -ڕەزای خودایان لێبێت-، بەڵکو بیدعەیە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 358)

***

پ: حوکمی ئەو ئافرەتە چییە کە تووشی سووڕی مانگانە دەبێت لە کاتی حەجدا، ئایا هەموو ڕێوڕەسمەکان جێبەجێ بکات ودەبێت خۆی بشوات بۆ ئەنجامدانیان؟ یان هەندێك ڕێوڕەسم هەیە ناتوانێت جێبەجێی بکات وچۆن قەرەبووی بکاتەوە؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

ج: ئەگەر ئافرەت لە کاتی حەج کردنیدا تووشی سووڕی مانگانە بوو ئەوا نیەتی ئیحرام دەهێنێت ولە سەر ئیحرام دەمێنێتەوە، وهەموو ئەو شتانەی حاجی ئەنجامی دەدات

ئەمیش جێبەجێی دەکات وەکو وەستان لە عەرەفە، وشەو مانەوە لە موزدەلیفە ومینا وهاویشتنی بەردەکان، بەڵام تەواف ناکات بە دەوری کەعبە هەتاوەکو پاك دەبێتەوە وخۆی دەشوات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 128)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە بۆ ئافرەت کە خۆی بڕازێنێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئافرەت خۆی بڕازێنێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانی حەجدا، بەڵام ئەوەی پێوەیەتی لە خشڵ وزێڕ یان بۆیە؛ ئەوا دەبێت بیانشارێتەوە لە بەرچاوی پیاوان، وداواکراو نییە دایان بکەنێت یان لایان بەرێت لە دەستی یان لە هەر شوێنێکی تری.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 144)

پ: حەجم کرد، وپاش بەستنی ئیحرام لە میقاتەوە نیەتم هێنا لەکاتێکدا بە (موفریدی)* حەج ئەنجام دەدەم، ووتم: (لبيك اللهم لبيك حجا) واتە: (خودایە لێرەم بۆ ئەنجامدانی حەج)، پاشان لە بیرم چوو، و ووتم: (لبيك اللهم لبيك حجا وعمرة) واتە: (خودایە لێرەم بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە)، *(موفرید: واتا تەنها حەج ئەنجام دەدات)، فتوام بۆ بدەن

لەمبارەیەوە چی لەسەرم واجبە خودای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

ج: ئەگەر ئەوەی وتووتە بەهۆی هەڵەی زمانەوە بێت ومەبەستت نەبێت؛ ئەوا هیچ شتێکت لەسەر نییە، چونکە خودای گەورە دەفەرمووێت:

{ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا}

﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ واتە: ﴿پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەكمان لە دەست قەوما﴾، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى»

«هەموو كردەوەیەك بە نیەتە، وهەموو كەسێكیش بە پێی نیەتەكەی پاداشت دەدرێتەوە».

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 132)

***

پ: هەندێك حاجیم بینی لقیان لە دارەكان دەبڕی بۆ دروستكردنی سیواك وسیواكیان پێدەكرد، ئایا حوكمی بڕینی دار چییە لە مینا، وحوكمی قبوڵكردنی سیواك چییە وەكو دیاری كە بڕدراوە لە دارەكانی حەرەمی پیرۆز؟

ج: بڕینی هەر بەشێك لە دارەكانی حەرەم؛ ڕێگەپێدراو نییە ئینجا بۆ موحریم بێت یان بۆ كەسێكی تر، (موحریم: واتا ئەو كەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە)، چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«لا يخبط شوكها ولا يعضد شجرها»

«ڕێگەپێدراو نییە دڕكەكانی تێكبدرێت ودارەكانی ببڕدرێتەوە». [فەرموودەكە موسلیم گێڕاویەتەوە].

ئەوەی شتێكی وا بكات پێویستە دەستبەجێ تەوبە وداوای لێخۆشبوون بكات لە الله -عز وجل-، ونەگەڕێتەوە بۆ ئەو كارە، وقبوڵكردنی سیواك وەكو دیاری ڕێگەپێدراو نییە ئەگەر لە دارەكانی حەرەم بڕدرابێتەوە؛ چونكە ئەمە ڕازیبوون ویارمەتیدانە لەسەر شتی قەدەغەكراو.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 166)

***

مانەوەی شەوانی مینا لە مینادا

پ: چووم بۆ حەج لەگەڵ كۆمەڵێكدا وشەوی نۆیەمی (ذي الحجة) لە مینا ماینەوە، وپێش نوێژی بەیانی چووین بۆ عەرەفە ولە عەرەفە نوێژی بەیانیمان كرد؛ ئەوانەی كۆمەڵەكەیان بەڕێوە دەبرد ئەمەیان ئەنجام دا لە ترسی قەرەباڵەغی، ئایا هیچ شتێكمان لەسەرە؟

ج: هیچ شتێکتان لەسەر نییە، بەڵام باشتر وایە حاجی بڕوات لە میناوە بۆ عەرەفە لە پاش دەرچوونی خۆر لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی (ذي الحجة).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 210)

***

پ: لەگەڵ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی حەجم ئەنجامدا وشوێنی مانەوەمان لە دەرەوەی مینا بوو، لە شەوی 9 ی (ذي الحجة) لەو شوێنە خەوتم، بەڵام شەوەکانی ڕۆژانی (تەشریق) لە نێو مینا خەوتم، ئایا شەو مانەوە لە مینا لە شەوی 9 ی (ذي الحجة)؛ واجبە یان سوننەتە، ئەگەر واجبە چی بکەم؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە بەهۆی ئەو خزمەتەی پێشکەشی ئیسلام ومسوڵمانانی دەکەن.

ج: شەو مانەوە لە مینا لە شەوی نۆیەمی مانگی (ذي الحجة)؛ سوننەتە بۆ حاجی و واجب نییە، هیچ شتێکت لەسەر نییە بەهۆی شەو نەمانەوە لە مینا، بەڵکو پاداشتی سوننەتی شەو مانەوەت لەو شوێنە لەدەستداوە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 177)

***

وەستان لە عەرەفە

پ: هەندێك لە خەڵكی دەڵێن: ئەگەر ڕۆژی عەرەفە لە ڕۆژی هەینیدا بێت وەکو ئەمساڵ؛ ئەوا وەکو ئەو کەسە وایە کە حەوت حەجی ئەنجامدا بێت، ئایا هیچ بەڵگەیە هەیە لە سوننەت سەبارەت بەم باسە؟

ج: هیچ بەڵگەیەکی دروست وسەحیح نییە لەسەر ئەم قسەیە، هەندێك خەڵك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە: یەکسانە بە حەوت حەج، یان حەفتا ودوو حەج، وئەمیش بە هیچ شێوەیەك ڕاست ودروست نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 211)

***

پ: پاش ئەوەی حاجی نوێژی نیوەڕۆ وعەسر ئەنجامدەدات لەگەڵ ئیمامدا لە عەرەفە؛ ئایا ڕێگەپێدراوە بۆی نوێژی سوننەت بکات هەتاوەکو نوێژی مەغریب؟

ج: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی عەرەفەدا نوێژی سوننەتی ئەنجام نەداوە لە پاش نوێژەکانی نیوەڕۆ وعەسر بە کۆکردنەوەی پێشخستن -جمع تقديم- لە عەرەفەدا، ئەگەر ڕێگەپێدراو بوایە بەپەرۆشتر بوو لەسەر ئەنجامدانی زیاتر لە ئێمە، وهەموو خێرێك لەوەدایە ئەو سەرمەشق بێت وشوێنکەوتەی سوننەتی ئەوبین.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 211)

***

پ: حوكمی ئەو كەسە چییە كە دەرچووە لە عەرەفە بە یەك خولەك لە پێش كاتی دیاریكراو ونووسراو لە ڕۆژمێردا بۆ نوێژی مەغریب؛ بۆ زانیاری سەرنشینانی ئۆتۆمبێلەكە ووتیان: خۆر ئاوا بووە.

ج: بنچینە ئەوەیە حاجی لە ڕۆژی نۆیەم لە عەرەفە دەمێنێتەوە، وئەوێ بە جێناهێڵێت هەتاوەكو دڵنیا دەبێت لە ئاوابوونی خۆر. وڕێگەپێدراو نییە ئەوێ جێبهێڵێت پێش ئاوابوونی خۆر، بۆیە پێوەر ئاوا بوونی خۆرە، ئەگەر لە عەرەفە دەرچوو بێت لە پاش دڵنیایی لە ئاوابوونی خۆر ئەوا واجبی سەرشانی جێبەجێ كردووە وهیچی لەسەر نییە، وئەگەر لەوێ دەرچوو بێت لە پێش ئاوابوونی خۆر یان دڵنیا نەبوو لێی ونەگەڕایەوە بۆ ئەوێ وتێیدا بمێنێتەوە هەتاوەكو خۆر ئاوا دەبێت، یان نەگەڕایەوە بۆ ئەوێ ئەگەر بۆ ساتێكی كەمیش بێت لە شەودا؛ ئەوا حەیوانێكی لەسەرە سەری ببڕێت لە شاری مەككە بەهۆی جێبەجێ نەكردنی واجبێك لە واجبەكانی حەج.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 181)

***

مانەوەی شەوی موزدەلیفە لە موزدەلیفەدا

پ: حەجم کرد لەگەڵ چەند خێزانێکدا کە ئۆتۆمبێلەکەمیان بە کرێ گرتبوو بۆ ئەنجامدانی حەج، وشەوی موزدەلیفە کاتژمێر نۆ لە عەرەفە دەرچووین، وکاتژمێر دوو گەیشتینە موزدەلیفە، سووربوون لەسەر ئەوەی شەو لە موزدەلیفە نەمێننەوە؛ بە بیانووی ئەوەی خێزانیان لەگەڵدایە، وشەریعەت ڕێگەی بەمە داوە، زیاتر لە چارەکێك لە موزدەلیفە نەماینەوە، ئایا هیچ شتێکم لەسەرە بەهۆی ئەم کارە؟

ج: ئەگەر حاڵیان بەو شێوەیە بێت کە باستکرد، لەوەی خێزانیان لەگەڵدایە وترسیان هەیە لە شەو مانەوە هەتاوەکو دەرچوونی بەرە بەیان؛ هیچ شتێك لەسەر تۆ وئەوان نییە، ئەگەر دەرچوونتان لە موزدەلیفە لە کاتژمێر دووی شەو بووبێت بە کاتی هێڵی درێژی؛ چونکە ئەمە پاش نیوەی شەوە، ولاوازەکان وئافرەتان ڕوخسەتیان پێدراوە لەم حاڵەدا وەکو ڕەحم وبەزەییەك بەرامبەریان.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 212)

***

پ: بەهۆی زۆری قەرەباڵەغی لە حەجی ساڵی ڕابردوو هەندێك لە حاجیەکان نەیانتوانی شەو لە موزدەلیفە بمێننەوە بەهۆی سەختی گەیشتن پێی، وهەندێکیان ڕێگایان ون کرد، ئەوانە چی بکەن؟

ج: هەرکەسێك بەهۆی قەرەباڵەغیەوە نەتوانێت لە موزدەلیفە بمێنێتەوە ئەوا شەو مانەوەی لەسەر لادەچێت لەو شوێنە، بەڵام ئەوەی ڕێگا ون دەکات وشەو لە شوێنێکی تر بەسەر دەبات؛ ئەوا قوربانی لەسەرە، چونکە دەتوانێت پرسیار بکات سەبارەت بە موزدەلیفە ورێگاکە بدۆزێتەوە، وکەمتەرخەمی کردووە بەهۆی پرسیار نەکردنی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 189)

***

پ: پرسیارکارێك لە ئەوانەی حەجی ماڵە پیرۆزەکەیان کردووە پرسیار دەکات کە موزدەلیفەی بەجێهێشتووە لە دەوروبەری سێیەکی یەکەمی شەو واتا: لە نزیك کاتژمێر دە وبیانووی ئەوە بووە ئافرەتانی لەگەڵدایە، ئایا واجب چییە دەرهەق بە ئەم وئەوان زۆر سوپاستان دەکەین؟

ج: ئەو کەسەی موزدەلیفە بەجێدەهێڵێت لە پێش نیوەی شەو بە بێ بیانووی شەرعی وەکو نەخۆشی؛ ئەم کەسە واجبی شەو مانەوەی لەو شوێنە جێبەجێ نەکردووە، بۆیە دەبێت حەیوانێک سەرببڕێت لە مەککە ودابەشی بکات بە سەر هەژارەکانیدا؛ چونکە کەمترین ماوەی شەو مانەوە بریتیە لە مانەوە هەتاوەکو نیوەی شەو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی نەدا بە لاوازەکان موزدەلیفە بەجێبهێڵن هەتاوەکو دوای نیوەی شەو.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 194)

***

کردەوەکانی ڕۆژی یەکەمی چەژنی قوربان

پ: ئەگەر خەڵکی ولاوازەکان موزدەلیفە جێبهێڵن بەرەو مینا پاش نیوەی شەو وپێش دەرچوونی بەیان؛ ئایا دەتوانن بەردەکان بهاوێژن لە (جەمرەتی عەقەبە) پێش دەرچوونی خۆر، وئەگەر کاتی زۆریان لە بەردەستدا بێت ئایا دەتوانن تەوافی ئیفازە ئەنجام بدەن لە پێش دەرچوونی خۆر؟

ج: ڕێگەپێدراوە بۆ لاوازەکان لە ئافرەتان وبەتەمەنەکان وهاوشێوەکانیان موزدەلیفە جێبهێڵن لە پاش نیوەی شەو، ودەتوانن بەردەکان بهاوێژن وتەوافی ئیفازە ئەنجام بدەن وقژیان بتاشن پێش دەرچوونی بەرە بەیان؛ و ئەمە ئاسانکاریە بۆ ئەوان.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 190)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە حاجی هاویشتنی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە) دوا بخات بۆ ڕۆژی دووەم یان سێیەم لە ڕۆژەکانی تەشریق بە بێ بیانوو یان نا، وحوکمی ئەو کەسە چییە کە ئەم کارە دەکات؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە حاجی هاویشتنی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە) دوا بخات بۆ ڕۆژی دووەم یان سێیەم لە ڕۆژەکانی تەشریق* بە بێ بیانوو؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی جەژندا بەردەکانی هاویشتووە، وهاوەڵانیش لەم کارەدا شوێنی کەوتن ودوایان نەخستووە بۆ ڕۆژەکانی تەشریق بە بێ بیانوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«خذوا عني مناسككم»

«ڕێوڕەسمەکانی حەج لە منەوە وەربگرن»، وئەوەی دوای بخات بۆ ڕۆژەکانی تەشریق بە بێ بیانوو؛ پێچەوانەی سوونەتی کردووە، وبێبەش دەکرێت لە هەندێك لە پاداشتی ڕێوڕەسمەکان، بۆیە دەبێت داوای لێخۆشبوون بکات لە خودای گەورە لەسەر ئەوەی ڕوویداووە، ولە داهاتوودا بەپەرۆش بێت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکان بەو شێوەیەی لە شەریعەتدا هاتووە. *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی -ذي الحجة-)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 217)

***

پ: بینیمان لە حەجدا هەندێك خەڵك لە کاتی کورتکردنەوەی قژیان لە حەج یان عومرەدا لە خوارەوەی قژیانەوە کورتی دەکەنەوە بە شێوەی بازنەیی، خوارەوەی

قژیان کورت دەکەنەوە لە هەموو ئاراستەکان، بەڵام بەشەکانی تری قژیان هیچ شتێکی لێ کەم ناکەنەوە، وکاتێك ووتمان پێیان: کورتکردنەوە دەبێت هەموو بەشەکانی قژ بگرێتەوە، ووتیان پێمان: ئەمە داواکراوە، ئایا کام کردەوەیە واجبە؟

ج: واجب ئەوەیە قژ تاشین یان کورتکردنەوەی هەموو بەشەکانی قژ بگرێتەوە لە حەج وعومرەدا، ومەرج نییە لە هەموو مووەکانی سەری بکاتەوە، وئەو کەسەی وایکردووە؛ ئەمە بەس نییە لە دروستترین ڕای زانایاندا، ولە سوننەتی موحەمەد نییە -صلى الله عليه وسلم-.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 217)

***

پ: حاجیەك لە عەرەفە وەستا وشەو لە موزدەلیفە مایەوە ولە مینا بەیانی بەسەردا هات لە ڕۆژی جەژن، بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە)ی هاویشت وقوربانی کرد وقژی تاشی، وجلەکانی لە مینا داکەند، پاشان چوو بۆ مەککە وتەوافی ئیفازەی ئەنجامدا، ئایا ئەمە ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا؟ یەکێك لە هاوڵاتیان پێی ووتم: قژ تاشین وداکەندی جلەکانی لە مینا ڕێگەپێدراو نییە مەگەر پاش تەوافی ئیفازە نەبێت.

ج: قژ تاشین پێش تەوافی ئیفازە یان پاشی؛ ڕێگەپێدراوە، وئەوەی ئەنجامتداووە لە ڕۆژی جەژن لە هاویشتنی

بەردەکان پاشان قژ تاشین پاشان تەواف کردن ئەمە سوننەتە، وکردەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە بوو لە حەجی ماڵئاوایی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 218)

***

پ: کۆتا کاتی تەوافی ئیفازە؟

ج: کاتی تەوافی ئیفازە لە پاش نیوەی شەو دەستپێدەکات لە شەوی چەژنی قوربان دەرهەق بە لاوازەکان وئەوانەی هەمان حوکمیان هەیە، وبۆ کۆتاییهاتنی کاتێکی دیاریکراو نییە، بەڵام باشتر وایە حاجی دەستپێشخەری بکات بۆ ئەنجامدانی تەوافی ئیفازە بە پێی توانا، لەگەڵ ڕەچاو کردنی نەرمونیان بوون دەرهەق بە نەفسی خۆی، وئەو کاتانە هەڵبژێرێت کە شوێنی تەواف قەرەباڵەغ نییە؛ بۆئەوەی کەس ئازار نەدات وئەویش ئازار نەدرێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 227)

***

پ: ئەگەر حاجی تەوافی ئیفازەی ئەنجامدا، ویەك خولانەوەی لە بیرچوو ونەیزانی لەبیری چووە مەگەر پاش دەرچوونی نەبێت لە مزگەوتی حەرام، ئایا حوکمی ئەم کەسە چییە؟ ئەگەر زانینی سەبارەتی لە پاش کۆتاییهێنانی -

تەحەلولی- یەکەم بێت؛ بە دامەزراندن لەسەر ئەو ڕاستیەی ئەم تەوافە یەکێکە لەو دوو کردەوەیەی کە بەهۆیانەوە کۆتاییهاتنی یەکەم دێتە دی.

ج: ئەگەر حاجی تەوافی ئیفازەی کرد ویەك خولانەوەی لەبیرچوو، وناوبڕەکە ماوەکەی درێژ بوو ئەوا تەوافەکە دووبارە دەکاتەوە، وئەگەر ناوبڕەکە ماوەکەی نزیك وکورت بوو ئەوا ئەو خولانەوەی لەبیری چووە ئەنجامی دەداتەوە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 253)

***

پ: ئایا حوکمی ئەو کەسە چییە کە تەوافی ئیفازەی ئەنجامدا وسەعی نەکرد هەتاوەکو خۆر ئاوا بوو، پاش کۆتا ڕۆژەکانی تەشریق؟ وحوکمی سەعی کردن چییە لە پاش ئاوابوونی خۆر لەو ڕۆژەدا، یان لە پاش ڕۆژەکانی تەشریق؟

ج: سەعی کردنت لە کۆتا ڕۆژەکانی تەشریق* یان لە پاش ڕۆژەکانی تەشریق؛ دروستە، وهیچت لەسەر نییە بەهۆی دواخستنەوە، چونکە لە مەرجی دروستی سەعی ئەوە نییە کە ڕاستەوخۆ لە پاش تەواف ئەنجام بدرێت، بەڵام کامڵتر ئەوەیە ڕاستەوخۆ لە پاش تەواف بێت؛ ئەمیش وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

*(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی - ذي الحجة-)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 262)

***

پ: ئایا واجبە قژ تاشین یان کورتکردنەوەی لە کۆتاییهاتنی - تەحەلولی- گەورە، پاش ئەوەی قژی تاشی یان کورتی کردەوە لە کۆتاییهاتنی لە تەحەلولی بچووك؛ واتا: لە پاش کۆتایهێنان بە هاویشتنی بەردەکان؟

ج: قژ تاشین یان کورتکردنەوەی واجب و وسوننەت نییە لە پاش کۆتاییهاتنی -تەحەلولی- گەورە، پاش ئەوەی قژی تاشی یان کورتی کردەوە لە کۆتاییهاتنی تەحەلولی بچووك؛ واتا: لە پاش کۆتایهێنان بە هاویشتنی بەردەکان، چونکە ئەمە لە ڕێورەسمەکانی حەجە وپەرستنە، وپەرستنیش بنیات نراوە لەسەر وەستان -لەسەر بەڵگە شەرعیەکان-، ونەهاتووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە قژی تاشی بێت یان کورتی کردبێتەوە لە پاش کۆتاییهاتنی تەحەلولی گەورە، بەڵکو تەنها لە پاش کۆتاییهاتنی تەحەلولی بچووك ئەنجامیداوە، وبە سەحیحی هاتووە کە فەرموویەتی:

«خذوا عني مناسككم» .

«ڕێورەسمەکانی حەج لە منەوە وەربگرن».

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 263)

***

پ: ڕێوڕەسمەکانی عومرەم ئەنجامدا، ولە پاش ئەنجامدانی گەڕامەوە بۆ وڵاتەکەم، وە بە ویستی خودای گەورە سوورم لەسەر ئەنجامدانی فەریزەی حەج لە ئەمساڵدا، ئایا فیدیەم لەسەرە یان نەخێر؟ خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە.

ج: زۆرینەی زانایان پێیان وایە هیچت لەسەر نییە؛ چونکە عومرە وحەجت پێکەوە ئەنجام نەداوە لە یەك گەشتدا، کاتێك ووتت کە تۆ گەڕایتەوە بۆ وڵاتەکەت لە پاش ئەنجامدانی عومرە لە شەوالی ساڵی 1395 ك، ولە مەککە نەمایتەوە بۆ ئەنجامدانی حەج.

وهەندێك لە زانایان پێیان وایە کە لەسەرتە حەیوانێک سەرببڕیت ئەگەر لەو ساڵەدا حەجت ئەنجامدا ئەگەرچیش تۆ گەڕاویتەوە بۆ وڵاتەکەت یان بۆ شوێنێکی دوورتر؛ بەهۆی گشتگیری ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرمووێت:

{فمن تمتع بالعمرة إلى الحج فما استيسر من الهدي}

﴿فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ واتە: ﴿هەر کەسێک لە سەرەتاوە ئیحرامی بە عومرە بەست و ئەرک وئەرکانەکانی جێبەجێ کرد، پاشان ویستی بەهرە ببا لە عومرە و تەمەتوع بکا هەتا کاتی ئیحرام بە حەج بەستن، ئینجا ئیحرامی بە حەج بەستەوە، چ ئاژەڵێکی لە دەست دێ دەبێت سەری ببڕێت﴾. وفەتوا وکردەوە بەردەوامن لەسەر ڕای

زۆرینەی زانایان بەوەی سەربڕینی حەیوانت لەسەر واجب نییە لەم حاڵەتەدا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 366)

***

پ: حوکمی ئەو کەسە چییە کە چاکردنی قژی لە بیرچووە لە پاش کۆتاییهاتنی کردەوەکانی حەج، وپاش ماوەیەکی زۆر بیری کەوتووەتەوە؟

ج: تاشینی قژ یان کورتکردنەوەی واجبە لە حەج وعومرەدا، وئەوەی وازی لێدەهێنێت بەهۆی لەبیرچوونەوە ئەوا ئەگەر بە بیردا هاتەوە واجبە دەستەجێ قژی بتاشێت یان کورتی بکاتەوە، وئەگەر چبوەلای خێزانی لە پێش تاشینی قژی یان کورتکردنەوەی ئەوا واجبە فیدیە بدات بەهۆی ئەم کارەوە، فیدیەکەیش بریتیە لە سەربڕینی حەیوانێک لە مەککە ودابەش دەکرێت بەسەر هەژارەکانی حەرەمدا؛ چونکە لە حەجدا ئەگەر جووتبوون ڕوویدا بێت لە پێش کۆتاییهاتنی - تەحەلولی- دووەم، ئەمە فیدیە واجب دەکات، هەروەها لە عومرەیش هەمان فیدیەی لەسەرە بەرامبەر ئەو کارە ئەگەر پێش کۆتاییهێنان -پێش تەحەلول- ڕوویدا بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 204)

***

پ: ئەو کەسەی بە قارین حەج دەکات ئەگەر تەوافی هاتنی ئەنجامدابێت، ئایا دەبێت تەوافی ئیفازەیش ئەنجام بدات؟

ج: تەوافی هاتن شوێنی تەوافی ئیفازە ناگرێتەوە دەرهەق بە قارین* وموفرید**؛ چونکە ئەمە کاتی تەوافی ئیفازە نییە، وتەوافی ئیفازە پایەیەکە لە پایەکانی حەج وبە بێ ئەم تەوافە حەجەکە ناکاملە، وکاتی تەوافی ئیفازە بریتیە لە پاش وەستان لە عەرەفە وبەجێهێشتنی موزدەلیفە، بەڵام تەوافی هاتن سوننەتە ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ئەنجامی بدات وئەگەر بیەوێت دەتوانێت نەیکات. *(قارین: واتا عومرە وحەج پێکەوە بەیەک نییەت بکرێت)، **(موفرید: واتا تەنها حەج ئەنجام دەدات بەبێ عومرە).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 217)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە کەسێك بکەمە وەکیل بۆئەوەی تەوافی ئیفازە ومالئاواییم بۆ ئەنجام بدات، ئەگەر گەڕانەوە بۆ مەککە ئاسان نەبوو لەسەرم بەهۆی زۆری تەمەن ولاوازی تەندروستیم؟

ج: وەکیل گرتن ڕێگەپێدراو نییە لە تەوافی ئیفازە ومالئاوایی، وئەوەی ناتوانێت بە هەڵگرتن یان بە سواری تەوافی پێدەکرێت، دەبێت خۆتان بێن بۆ مەککە هەروەکو لە

فەتواکەدا باسکراوە، وخودای گەورە تەوفیقمان بدات، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 271)

***

رۆژەکانی تەشریق(١١و١٢و١٣ مانگی زولحیجە) وهاویشتنی بەردەکان

پ: ئایا چی واجبە لەسەر ئەو کەسەی بەردەکانی هاویشتبێت لە چێشتەنگاوی ڕۆژی دووەمی جەژن، وە نەیزانیوە کە کاتی هاویشتنی بەردەکان پاش نیوەڕۆیە؟

ج: ئەوەی بەردەکان دەهاوێژێت لە چێشتەنگاوی ڕۆژی دووەم پێش زەوال -پێش لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان-؛ دەبێت دووبارە بەردەکان بهاوێژێت لە پاش زەوالی ئەو ڕۆژە، ئەگەر سەبارەت بە هەڵەکەی نەیزانی مەگەر لە ڕۆژی سێیەم یان چوارەم نەبێت ئەوا دەبێت دیسانەوە بەردەکان بهاوێژێت لە پاش زەوالی ڕۆژی سێیەم یان چوارەم، پێش ئەوەی بیانهاوێژێت بۆ ئەو ڕۆژەی بە بیریدا هاتەوە، ئەگەر نەیزانی مەگەر پاش ئاوابوونی خۆری ڕۆژی چوارەم ئەوا بەردەکان ناهاوێژێت، ودەبێت حەیوانێک سەربڕێت لە حەرەم وگۆشتەکەی ببەخشێت بە هەژارەکانی مەککە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 273)

***

پ: واتای ئەم ئایەتە چییە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ﴾؟ لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوبابەتەی لەم ئایەتەدا باسی لێوە کراوە.

ج: خودای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرمووێت:

{واذكروا الله في أيام معدودات فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه ومن تأخر فلا إثم عليه لمن اتقى}

﴿وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَنْ تَأَخَّرَ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى﴾ واتە: وە ئێوە زیکری خودای گەورە بکەن لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا کە ڕۆژەکانی (مینا)یە کە (ئەیامی تەشریقە) کە (ڕەمی جیمار) ئەکرێت، وئەگەر لە ڕۆژی دووەمدا ڕەمی جەمەرات بکات ئاساییە ئەوەیشی دوای بخات بۆ ڕۆژی سێیەم هەر ئاساییە بۆ کەسێك کە تەقوای خودای گەورە بکات لە حەجەکەدا.

هەتا کۆتایی ئایەتەکە. مەبەست لە (الأيام المعدودات) لێرەدا: ڕۆژەکانی: یانزە، ودوانزە، وسیانزەیە، هەرکەسێك لە حاجیەکان مینا جێبهێڵێت پاش هاویشتنی بەردەکان لە پاش زەوال لە ڕۆژی دوانزەدا؛ ئەوا پەلەی کردووە، وئەوەی لە مینا دەمێنێتەوە هەتاوەکو بەردەکان دەهاوێژێت لە ڕۆژی سیانزەدا؛ ئەوا دواکەوتووە، ودواکەوتن باشترە؛ چونکە شوێنکەوتنی کردەوەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 297)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە بەردەکان بهاوێژێت لە پێش زەوالی ڕۆژی دووەم یان دەبێت لە پاش زەوال بیانهاوێژێت، لەگەڵ هاویشتنیان لە ڕۆژی دواتریش؟

ج: هاویشتنی بەردەکان لە ڕۆژەکانی تەشریق* دروست نییە مەگەر لە پاش زەوال -پاش لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان-، *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی - ذي الحجة-)، ورێگەپێدراو نییە و واجبەکەی لەسەر لانەچووە ئەگەر لە بەیانیدا بەردەکان بهاوێژێت، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاش زەوال بەردەکانی هاویشتووە، وفەرموویەتی:

«خذوا عني مناسككم » .

«ڕێوڕەسمەکانی حەج لە منەوە وەربگرن». وهەرکەسێك هاویشتنی بەردەکانی ڕۆژێکی لەبیر چوو ئەوا لە ڕۆژی دواتر دەیانهاوێژێت لە پاش زەوال، وهەموویان دەهاوێژێت پێش دەستپێکردنی هاویشتنی بەردەکانی ڕۆژی دواتر، پاش هاویشتنی بەردەکانی جەمرەتی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ بەرد هاویشتن لە هەر سێ جەمرەتەکە بۆ ڕۆژی دواتر.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 189)

***

پ: ساڵێکیان حەجم کرد ولە ڕۆژی دووەمدا پێش زەوال بەردەکانم هاویشت، ئایا هیچ شتێکم لەسەرە وهۆکارەکەی نەزانینم بوو سەبارەتی؟

ج: هاویشتن بەردەکان پێش زەوال -پێش لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان- لە ڕۆژەکانی تەشریق* دروست نییە، *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی - ذي الحجة-)، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەکانی هاویشتووە لە پاش زەوال، وفەرموویەتی:

«خذوا عني مناسككم»،

«ڕێورەسمەکانی حەج لە منەوە وەربگرن». کەواتە فیدیەت لەسەرە بەهۆی ئەوەی بەردەکانت لە پێش زەوال هاویشتووە، ئەم فیدیەیش بریتیە لە سەربڕینی حەیوانێک لە مەککە، ودابەش دەکرێت بەسەر هەژارەکانی حەرەم ونابێت خۆی هیچ بەشێک لە گۆشتەکەی بخوات.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 293)

***

پ: کەسێك لەبیری چووە و هەندێك بەردی هەڵگرتووە کە لە میناوە هێناوویەتی، وپێی ووتراوە ئەوەی بەرد لە مینا هەڵدەگرێت دەبێت بیگەڕێنێتەوە بۆ مەککە، هیوادارین فەتوامان بۆ بدەن لەمبارەیەوە.

ج: هەرکەسێك هەندێك لەو بەردانەی پێبێت کە بۆ هاویشتن هەڵی گرتووە؛ ئەوا داواکراو نییە بیانگێڕێتەوە بۆ مینا چونکە ئەم بابەتە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 294)

***

پ: کەسێك هەر حەوت بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە)ی بە یەك جار هاویشتووە لە حەجدا؟

ج: واجبە ئەو کەسەی بەردەکانی (جەمرەت)ی بە یەك جار هاویشتووە؛ جارێکی تر بەردەکان بهاوێژێت لە ڕۆژەکانیدا، چونکە واجب ئەوەیە یەك لە دوای یەك بەردەکان بهاوێژێت، وهاویشتنی هەر هەموویان بە یەکەوە وەکو هاویشتنی یەك بەرد وایە، ئەگەر بەرد هاویشتنەکە دووبارە نەکاتەوە ئەوا لەم حاڵەتەدا واجبە حەیوانێک سەرببڕێت بەهۆی وازهێنانی لە واجبێك لە واجبەکانی حەج، ولە مەککە گۆشتەکەی دابەش دەکرێت بەسەر هەژارەکاندا، ئەگەر نەیتوانی حەیوان سەرببڕێت ئەوا دەبێت دە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت ئینجا لە دوای یەك بێت یان بە جیاواز.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 310)

***

پ: پورم ساڵی ڕابردوو حەجی کرد، بەڵام لە کاتی هاویشتنی بەردەکان؛ دەڵێت: کاتێك بەردەکانی دەهاویشت نەیدەبینی بەردەکان لە کوێ دەدەن لە زەوی بەهۆی قەرەباڵەغی، ئایا دەکەونە نێو چاڵەکەوە -حەوزەکەوە- یان نا، بۆ زانیاری هەندێکجار (جەمرەت)ی دەبینی لە کاتی هاویشتنی بەردەکان، چی لەسەرە؟ فەتوامان بۆ بدەن خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە.

ج: لە مەرجەکانی دروستێتی هاویشتنی بەردەکان؛ بریتیە لە دڵنیابوون لەوەی بەردەکان لە شوێنی مەبەست دەدەن، ئەگەر لە کاتی هاویشتن دڵنیا بوو لەوەی بەردەکان دەکەونە نێو چاڵاییەکەوە -حەوزەکەوە- پاشان گومانی کرد؛ ئەم گومانە هیچ کاریگەریکی نابێت وبەرد هاویشتنەکەی دروستە، وئەگەر گومانی هەبێت ودڵنیا نەبێت لەوەی بەردەکان لە شوێنی مەبەست دەدەن؛ ئەوا دەبێت فیدیە بدات، ئەمیش بە سەربڕینی حەیوانێک وگۆشتەکەی دەبەخشرێت بە هەژارەکانی حەرەم، ئەگەر نەیتوانی ئەوا دەبێت دە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 311)

***

پ: هەندێك لە حاجیەکان خودای گەورە هیدایەتیان بدات هەموو شتێك کە دەیدۆزنەوە دەیهاوێژنە (جەمرەتەکان)

وەكو پێڵاو ودەبەی ئاوی وهتد، ئایا هاویشتنەكەیان پوچەڵ دەبێتەوە بەهۆی ئەم هەڵسوكەوتەیان، یان بیانوویان هەیە بەهۆی نەزانین؟

ج: هاویشتنی پێڵاو وشوشە وشتی تر بەرەو (جەمرەتەكان)؛ ڕێگەپێدراو نییە چونكە لە شەریعەتدا نەهاتووە، وپێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، وبەرد هاویشتن بەرەو (جەمرەتەكان) بە بەردی بچووك دەبێت كە تۆزێك لە نۆك گەورەترە، و-صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی:

«خذوا عني مناسككم » ،

«ڕێوڕەسمەكانی حەج لە منەوە وەربگرن»، وئەوان گوناهبار دەبن بەهۆی ئەم كارەیان، وئەوەی دەیانبینێت دەبێت نەهییان لێبكات وئامۆژگاریان بكات، وبەهۆی ئەم كارە هاویشتنەكەیان پوچەڵ نابێتەوە؛ ئەگەر بەردە باسكراوەكانی هاویشتبێت بەرەو (جەمرەتەكان).

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 324)

***

پ: حوكمی ئەو كەسانە چییە كە حەجیان كردووە ولە ڕۆژەكانی تەشریق* ویستیان پەلە بكەن، بۆیە بەردیان هاویشت لە سێ (جەمرەتەكان) لە ڕۆژی یەكەم ودووەم، پاشان ڕاستەوخۆ چوون بەرەو مەككە پێش خۆر ئاوابوونی

ڕۆژی دووەم، وشەو لەوێ مانەوە ولە ڕۆژی سێیەم بەردیان نەهاویشت لە (جەمرەتەکان)، ئایا قوربانیان لەسەرە یان نا؟

ج: هەرکەسێك بەردی هاویشت لە سێ جەمرەتەکە لە ڕۆژی دوانزەی مانگی -ذي الحجة-، و ویستی پەلە بکات ئەوا مینا بەجێدەهێڵێت پێش ئاوابوونی خۆر، و واجب نییە لەسەری ڕۆژی سیانزەیش بەردەکان بهاوێژێت ئینجا لە مەککە یان لە هەر شوێنێکی تر بمێنێتەوە. *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی -ذي الحجة-)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 335)

***

تەوافی ماڵئاوایی

پ: لە شاری جەددە نیشتەجێم، وبەردەوام دەچم بۆ شاری مەککەی پیرۆز، ئایا تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام بدەم لەدووای حەج، یان دوای بخەم بۆ کاتی گەشت کردنم بۆ وڵاتەکەی خۆم؟ وئایا دواخستنی تەوافی ماڵئاوایی کەفارەتی لەسەرە؟

ج: ئەگەر حەجت کرد لە پاش حەج کردن گەشت مەکە بۆ جەددە هەتاوەکو تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام دەدەیت، وئەگەر پێش تەوافی ماڵئاوایی گەشتت کرد؛ ئەوا حەیوانێکت لەسەرە کە دەبێت لە حەڕەم سەری ببڕیت، وهیچ شتێکی لێ

نەخۆیت، وگۆشتەکەی ببەخشیت بە هەژارەکانی مەککە؛ چونکە تەوافیماڵئاوایی واجبە لە پاش حەجدا، بەهۆی گشتگیری ئەم فەرموودەیە کە ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە - ڕەزای خودای لێبێت-: «فەرمان بە خەڵکی کرا کە دواین کرداریان لە ماڵی خوادا تەواف کردن بێت بە دەوری کەعبەدا، بێجگە ئەو ئافرەتانە نەبێت کە تووشی سووڕی مانگانە هاتوون ئەوا تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نییە». [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی ڕیوایەتیان کردووە] ودەبێت تەوبە بکەیت وداوای لێخۆشبوون لە الله بکەیت بەهۆی ئەوەی دەرچوویت بەرەو جەددە پێش ئەنجامدانی تەوافی ماڵئاوایی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 303)

***

پ: ئایا ڕێگەپێدراوە حاجی لە ڕۆژەکانی مینا بچێت بەرەو تائیف، وپاش بیست ڕۆژ بگەڕێتەوە وتەوافی ماڵئاوایی ئەنجام بدات؟

ج: ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەو کەسەی حەجی دەکات گەشت بکات هەتاوەکو کۆتایی دەهێنێت بە کردەوە وڕێوڕەسمەکانی حەج، ولەوانەیش تەوافی ماڵئاوایی.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 307)

***

پ: ئایا ئافرەتی حەیزدار وزەیستانی وکەسی بێ توانا ونەخۆش؛ داواکراوە تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام بدەن؟

ج: تەوافی ماڵئاوایی واجب نییە لەسەر ئافرەتی حەیزدار وزەیستانی، بەڵام کەسی بێ توانا ونەخۆش تەوافیان پێدەکرێت بە هەڵگرتن یان بە سواری، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«لا ينفرن أحد منكم حتى يكون آخر عهده بالبيت» ،

«نابێت هیچ یەکێك (مەککە) جێبهێڵێت هەتاوەکو کۆتا کردەوەی (تەواف) دەبێت (بە دەوری) کەعبەدا»، وله سەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خودای لێبێت- کە دەڵێت: «فەرمان بە خەڵکی کرا کە دواین کرداریان لە ماڵی خوادا تەواف کردن بێت بە دەوری کەعبەدا، بێجگە ئەو ئافرەتانە نەبێت کە تووشی سووڕی مانگانە هاتوون ئەوا تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نییە ». وله فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئافرەتی زەیستانی وەکو ئافرەتی حەیزدار وایە، وتەوافی ماڵئاوایی لەسەر نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 307)

***

پ: له كاتی تەوافی ماڵئاوایی نەخۆش كەوتم و وەستام له تەواف كردن، وهاوڕێكانم تەوافەكەی خۆیان تەواو كرد، وپاش ئەوەی تەواو بوون لەگەڵ یەكێكیان چووم بۆ تەواو كردنی ئەوەی ماوە له تەوافەكەم، خولانەوەیەكم لەبیرچوو له كاتی تەوافی ماڵئاوایی، وپاش گەڕانەوەم بۆ وڵاتەكەم پێم زانی، ئایا فیدیه یان هیچ شتێكی ترم لەسەرە؟

ج: ئەگەر دڵنیا بیت لەوەی خولانەوەیەكت ئەنجام نەداوە له تەوافی ماڵئاواییدا ئەوا دەبێت فیدیه بدەیت، ئەمیش بریتیه له سەربڕینی حەیوانێک وگۆشتەكەی دابەش دەكەیت بە سەر هەژارەكانی حەرەمدا، ئەگەر نەتتوانی فیدیه بدەیت ئەوا دەبێت دە ڕۆژ بەڕۆژوو بیت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 126)

***

پ: حەجم كرد، وله ڕۆژی دووەمی تەشریقدا* تەوافی ماڵئاواییم ئەنجامدا له پاش عەسر بەڵام شەو له مەككەی پیرۆز مامەوە، وله بەیانی ڕۆژی دواتر سەفەرم كرد بۆ تائیف، هیوادارم ڕێنموێنیمان بكەن؛ ئایا ئەو تەوافی ماڵئاواییەی من وخێزانەكەم ئەنجاممان داوە بەسە یان كەفارەتمان لەسەرە، یان دەبێت من وخێزانەكەم دووبارە تەوافەكە ئەنجام بدەینەوە؟ فەتوامان بۆ بدەن لەمبارەیەوە خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە.

ج: هەرکەسێك تەوافی ماڵئاوایی ئەنجامدا وپاشان لە مەککە مایەوە بۆ ماوەیەکی کەم؛ ئەوا دووبارە تەوافی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر ماوەی مانەوەی لە مەککە زۆر بێت ئەوا دەبێت تەوافەکە دووبارە بکاتەوە، چونکە ئێوە لە پاش عەسر تەوافتان کردووە ولە بەیانی ڕۆژی دواتر سەفەرتان کردووە بە بێ ئەوەی تەوافەکە دووبارە بکەنەوە؛ ئەوا دەبێت هەریەکێکتان حەیوانێک سەرببڕن لە مەککە وگۆشتەکەی دابەش بکەن بە سەر هەژارەکانی حەرەم، بەڵام ئەگەر ئافرەتی حەیزدار وزەیستانیتان لەگەڵدا بێت ئەوا تەوافی ماڵئاوایی لەسەر نییە. *(ڕۆژەکانی تەشریق: واتا ڕۆژەکانی 11 و 12 و 13 ی مانگی -ذي الحجة-)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 337)

***

پ: ساڵی ڕابردوو لەگەڵ خێزانەکەم حەجم کرد، وئەو حەجی تەمەتوعی* کرد وهەموو ڕێوڕەسمەکانی حەجی جێبەجێ کرد جگە لە تەوافی ماڵئاوایی بەهۆی سووڕی مانگانەوە، بۆیە تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام نەدا، وباوکم بردی بۆ مزگەوتی حەرام وسەیری کەعبەی پیرۆزی کرد، ئایا حوکمی ئەمە چییە؟ فەتوامان بۆ بدەن خودای گەورە -عز وجل- پاداشتتان بداتەوە بە ویستی خۆی.

ج: ئافرەتی حەیزدار تەوافیماڵئاوایی لەسەر نییە بۆیە هیچ شتێك لەسەر خێزانەکەت نییە؛ چونکە لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خودایان لێبێت- هاتووە: «فەرمان بە خەڵکی کراوە کە دواین کرداریان لە ماڵی خوادا تەواف کردن بێت بە دەوری کەعبەدا، جگە ئەو ئافرەتانە نەبێت کە تووشی سووڕی مانگانە هاتوون ئەوان تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نیە وەک ئاسان کارییەک بۆیان». وعائیشە -ڕەزای خودای لێبێت- دەڵێت:

«حاضت صفية بنت حيي بعد ما أفاضت قالت: فذكرت ذلك لرسول الله صلى الله عليه وسلم فقال: أحابستنا هي؟ قلت: يا رسول الله: إنها قد أفاضت وطافت بالبيت ثم حاضت بعد الإفاضة قال: فلتنفر إذا»

«پاش تەوافی ئیفازە سەفیەی کچی حویەی تووشی سووڕی مانگانە بوو، دەڵێت: ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: ئایا ڕێگر دەبێت لەوەی (مەککە) بەجێبهێڵین؟ ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو تەوافی ئیفازەی ئەنجامداوە پاشان تووشی سووڕی مانگانە بووە، فەرمووی: کەواتە با ئەویش (مەککە) بەجێبهێڵێت». (تەمەتوع -موتەمەتیع-: واتا ئەنجامدانی عومرە لە پێش ئەنجامدانی حەج لە مانگەکانی حەجدا)

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 342)

***

پ: ئەوەی بێتە نێو مەککە بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە نەبێت وبیەوێت لە مەککە دەربچێت ئایا دەبێت تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام بدات، وئایا عومرەکار تەوافی ماڵئاوایی لەسەرە ئەگەر ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ یان زیاتر لە مەککە بمێنێتەوە، ئایا تەوافێکی تایبەت هەیە پێی بووترێت تەوافی ماڵئاوایی کە لە پێغەمبەرەوە هاتبێت -صلى الله عليه وسلم- ، یان هەموو تەوافێك دروستە ببێت بە تەوافی ماڵئاوایی ئەگەر لە پاش تەوافەکە لە مەککە دەربچێت؟ فەتوامان بۆ بدەن لەمبارەیەوە خودای گەورە پاداشتتان بداتەوە وبێبەشتان نەکات لە بەهەشت، ئامین.

ج: تەوافی ماڵئاوایی لەسەر حاجی واجبە ئەگەر بیەوێت لە پاش حەج لە مەککەوە سەفەر بکات بۆ شوێنێکی تر؛ بەهۆی فەرموودەکەی ئیبن عەباس -ڕەزای خودای لێبێت- دەڵێت: «فەرمان بە خەڵکی کرا کە دواین کرداریان لە ماڵی خوادا تەواف کردن بێت بە دەوری کەعبەدا، جگە ئەو ئافرەتانە نەبێت کە تووشی سووڕی مانگانە هاتوون وئەوان تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نیە وەک ئاسانکارییەک» [بوخاری وموسلیم بەهاوبەشی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە]، وئافرەتی زەیستانی هەمان حوکمی هەیە، بەڵام ڕای دروست ئەوەیە جگە لە حاجی هیچ کەسێکی تر تەوافی ماڵئاوایی لەسەر واجب نییە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-

فەرمانی نەکرد بە عومرەکارەکان بە ئەنجامدانی، وتەوافی ماڵئاوایی بۆ حەج دەبێت نیەتی لەگەڵدا بێت چونکە پەرستن، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویت:

«إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى »

«هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە»، وخودا زاناترینە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 344)

***

پ: ئایا کڕینی هەندێك شتی پێویست ڕێگەپێدراوە لە پاش ئەنجامدانی تەوافی ماڵئاوایی، وئەوەی لە پاش تەواف شت دەکڕێت؛ ئایا هیچ شتێکی لەسەرە؟

ج: واجب ئەوەیە تەوافی ماڵئاوایی کۆتا کردەوەی حاجی بێت لە کردەوەکانی حەج، وپاش ئەنجامدانی لە مەککە دەردەچێت، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی کەم بمێنێتەوە تێیدا بۆ چاوەڕێکردنی هاوڕێکانی یان هەڵگرتنی شتومەکەکانی یان کڕینی هەندێك شتی پێویستی؛ ئەمانە ئاساییە وهیچیان تێدا نییە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 345)

***

پ: پیاوێك لە حاجیەکان لە ڕۆژی دوانزەیەم تەوافی ماڵئاوایی ئەنجامدا، پاشان چوو بۆ مینا وبەردەکانی هاویشت؛ ئایا تەوافەکەی دروستە لەکاتێکدا تەوافی کردووە پێش هاویشتنی بەردەکان، ئایا ئەم پیاوە چی لەسەرە وئەو خەڵکی جەددەیە؟

ج: ئەوەی تەوافی ماڵئاوایی ئەنجامدەدات پێش هاویشتنی بەردەکان؛ ئەمە بەس نییە، چونکە تەوافی ماڵئاوایی دەبێت کۆتا کردەوەی حەج بێت، وچونکە سەفەری کردووە پێش ئەوەی تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام بداتەوە لە پاش هاویشتنی بەردەکان؛ ئەوا دەبێت حەیوانێک سەربیڕێت لە مەککە وگۆشتەکەی دابەش بکات بە سەر هەژارەکانی حەڕەم وخۆی هیچ شتێکی لێ نەخوات، هیچ شتێك شوێنی ئەم سەرپێچیەی ناگرێتەوە جگە لە سەربڕینی حەیوانێک نەبێت، وئەگەر نەیتوانی حەیوانێک سەربیڕێت ئەوا دە ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 345)

***

پ: ئاوی زەمزەم وا وەسفکراوە کە تایبەتمەندی زۆری تێدایە، ئایا فەرموودەی سەحیح هەیە سەبارەت بەم بابەتە؟

ج: ئاوی زەمزەم پیرۆزترین ئاوە لەسەر زەوی، وسەحیحترین فەرموودە هاتبێت سەبارەت بە فەزڵی ئەوەیە کە لە (صحيح

مسلم)دا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوی زەمزەم دەفەرمووێت:

«إنها مباركة وإنها طعام طعم » .

«پیرۆزە وخواردنە کە (مرۆڤ) تێر دەکات». و(أبو داود) ئەم بەشە زیادەی گێڕاوەتەوە بە سەحیحی کە دەفەرمووێت:

«وشفاء سقم» ،

«وشیفایە بۆ نەخۆشی»، هەروەها گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی:

«ماء زمزم لما شرب له » .

«ئاوی زەمزەم بۆ ئەو شتەیە کە بۆی دەخورێتەوە». [گێڕدراوەتەوە لە لایەن: أحمد وابن ماجه بێجگە لەوانیش گێڕدراوەتەوە].

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 168)

***

فەتواکانی پەیوەست بە سەردانیکردنی مزگەوتی پێغەمبەر

پ: بە ویستی الله نیەتم وایە عومرە بکەم لە ڕەمەزاندا وسەردانی مزگەوتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەم؛ ئامۆژگاری ئێوە چییە بۆ من؟

ج: ڕێگەپێدراوە گەشت بکرێت بۆ سەردانیکردنی مزگەوتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، نەك بۆ سەردانیکردنی

گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ونە هیچ گۆڕێکی تر؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت:

«لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجدي هذا، والمسجد الأقصى»،

«نابێت -سەفەری تایبەت-* ئەنجامبدرێت مەگەر بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرام، ومزگەوتی ئەقسا، وئەم مزگەوتەی من -مزگەوتی نەبەوی-». *(سەفەری تایبەت: مەبەست لێی سەفەر وگەشتێکە بۆ پەرستن ونزیکبوونەوە لە خودا ئەنجامبدرێت)، بەڵام ئەو کەسەی سەردانی مزگەوتی نەبەوی دەکات ڕێگەپێدراوە بۆی سەلام بکات لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ولە هاوەڵەکانی ئەبو بەکر وعومەر -ڕەزای خودایان لێبێت-، هەروەها ڕێگەپێدراوە سەردانی گۆڕستانی بەقیع وشەهیدەکان بکات ونزایان بۆ بکات، وداوای ڕەحمەتیان بۆ بکات، ومردن وپاش مردن بە بیری خۆیدا بهێنێتەوە، وڕێگەپێدراوە بۆی سەردانی مزگەوتی قوبا بکات بۆ ئەنجامدانی نوێژ تێیدا؛ چونکە چەند فەرموودەیەك لەمبارەیەوە هاتووە.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 78)

***

پ: ئایا حاجیەکان، بە پیاوان وئافرەتانەوە، داواکراوە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وگۆڕستانی بەقیع ومزگەوتی قوبا بکەن، یان تەنها لە پیاوان داواکراوە؟

ج: داواكراو -واجب- نييه حاجيه‌كان به پياوان وئافره‌تانه‌وه سه‌ردانى گۆڕى پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- وگۆڕستانى به‌قيع بكه‌ن، به‌ڵكو به ڕه‌هايى حه‌رامه گه‌شتى تايبه‌ت بكرێت ته‌نها بۆ سه‌ردانيكردنى گۆڕ، وحه‌راميشه له‌سه‌ر ئافره‌تان ئه‌گه‌رچيش گه‌شتى تايبه‌تيان نه‌كردبێت بۆ په‌رستن، چونكه پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رمووێت:

«لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: مسجدي هذا، والمسجد الحرام، والمسجد الأقصى»

«نابێت -سه‌فه‌رى تايبه‌ت-* ئه‌نجامبدرێت مه‌گه‌ر بۆ سێ مزگه‌وت نه‌بێت: مزگه‌وتى حه‌رام، ومزگه‌وتى ئه‌قسا، وئه‌م مزگه‌وته‌ى من -مزگه‌وتى نه‌به‌وى-». *(سه‌فه‌رى تايبه‌ت: مه‌به‌ست لێى سه‌فه‌ر وگه‌شتێكه بۆ په‌رستن ونزيكبوونه‌وه له خودا ئه‌نجامبدرێت) [بوخارى وموسليم به‌هاوبه‌شى ڕيوايه‌تيان كردووه]، وپێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- نه‌فره‌تى كردووه له‌و ئافره‌تانه‌ى زۆر سه‌ردانى گۆڕستان ده‌كه‌ن، ته‌نها به‌سه بۆ ئافره‌تان كه له مزگه‌وتى نه‌به‌وى نوێژ بكه‌ن، وزۆر سه‌ڵات بده‌ن له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- له مزگه‌وت وشوێنى تردا.

فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الأولى (11/ 362)

***

پ: هه‌ندێك له حاجيه‌كان وعومره‌كاران ئه‌گه‌ر بێن بۆ لامان له مه‌دينه‌ى منه‌وه‌ره برايه‌كم ڕێنيشانده‌ريان ده‌بێت بۆ

سەردانیکرنی هەندێك شوێن وبڕێك لەو شوێنانە سەردانیکردنیان شەرعی نییە، وبەرامبەر ئەم کارەی بەمەرجی دەگرێت کرێی بدەنێ، ئایا ئەم کارەی ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا؟

ج: ئەم کارەی براکەت ئەنجامی دەدات لە بردنی حاجیەکان وعومرەکاران بۆ ئەو شوێنانەی سەردانیکردنیان ڕێگەپێدراو نییە لە مەدینەدا؛ کارێکی حەرامە، وئەوەی وەریدەگرێت بەرامبەر ئەم کارە؛ پارەیەکە بە حەرام دەستیکەوتووە، ودەبێت ئامۆژگاری بکەیت بۆ وازهێنان لەم کارە.

[فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية (10/ 390)؛ بە پوختی]

***

# پێڕست

کۆمەڵێک فەتوا سەبارەت بە حەج وعومرە وسەردانی کردنی مزگەوتی سەروەرمان ........................................................................ 2
عومرەکاران زۆر پێویستیانە..................................................... 2
یەکەم :فەتوا گشتیەکان ........................................................ 2